# التركيبة السكانية لمدينة القدس ونماذج من التعايش المشترك خلال المدة الواقعة بين سنتي (١٥-٢٤٧هـ/٦٣٦-٨٦١م)


**هونر قرني كريم**

Huner.mezhu@uor.edu.krd

**د.احمد رضا احمد**

ahmed.mejw@uor.edu.krd

**قسم التاريخ / كلية العلوم الإنسانية / جامعة رابرين – رانيه السليمانية – إقليم كردستان العراق**



**الكلمات المفتاحية**: المكوّنات، التعايش، الجانب الاجتماعي، القدس.



**كيفية اقتباس البحث**

كريم, هونر قرني , احمد رضا احمد, التركيبة السكانية لمدينة القدس ونماذج من التعايش المشترك خلال المدة الواقعة بين سنتي (١٥-٢٤٧هـ/٦٣٦-٨٦١م) , مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .



**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**



**Registered مسجلة في ROAD**

**Indexed مفهرسة في IASJ**

# Population structure of the city of Jerusalem (exemplifying communal living) during the years 247-15 AH/861-636 AD)

**Huner Qarni Kareem**

Huner.mezhu@uor.edu.krd

**Dr. Ahmed Razha Ahmed**

ahmed.mejw@uor.edu.krd

[1+2]Department of History/ College of Humanities/ University of Raparin-Rania-Sulaimani-KRI

**Keywords** : Social aspects, communities, coexistence, Jerusalem.

**How To Cite This Article**
Kareem , Huner Qarni , Ahmed Razha Ahmed , Population structure of the city of Jerusalem (exemplifying communal living) during the years 247-15 AH/861-636 AD) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

The conquest of Jerusalem in 15 AH / 636 AD is marked as one of the most remarkable events by Muslims, insofar as it led to many consequences one of the consequences led to changes in social aspects and the structural elements of the city insomuch that before the conquest of the city, Christians where the dominants of Jerusalem and constantly worked to oppress other communities, but the conquest of the city made changes in the communities of Jerusalem, such as the Jews returned to

Jerusalem from in exile and freely allowed to practice their customs and religious norms. In addition to that some Christians were not worried about the conquest of the city because they were liberated from the Byzantine clerics With Jerusalem, and after the event of the night journey and ascension "Isra and Miiraj" the Muslims were dreaming to reach the city of Jerusalem, thus, their dream come true and they become the ruler of the city. Finally, because of the policy of the Muslim in Jerusalem, for the first time the three religious communities including Jews, Christians and Muslims lived together peacefully and established social relations, The aim of the research is to shed light on the Islamic system and its impact on organizing the social aspects of the city.This research has investigated the subject according to the information provided in the sources, By following the historical, descriptive, analytical, and comparative methodology, this research focuses on each of the communities of Jerusalem in a way that points to the prominent tribes and major figures of each community, then the relationship and coexistence between the communities has been pointed out.

**الملخص:**

يُعَدّ فتحُ مدينةِ القدس سنة (١٥هـ/٦٣٦م) على يد المسلمين من أبرز الأحداث التاريخية وأكثرها تأثيرًا، إذ ترتّبت عليه جملةٌ من النتائج المهمّة، كان من أبرزها إحداث تحوّلاتٍ عميقة في البنية الاجتماعية والتركيبة السكانية للمدينة. فقبل الفتح الإسلامي كانت الطائفةُ المسيحية هي الفئةَ الغالبة في القدس، وقد مارست هيمنتها وسيطرتها على بقية المكوّنات الدينية. غير أنّ فتح المدينة أدّى إلى تغيّرٍ جوهري في أوضاع هذه المكوّنات، إذ أُتيح لليهود – بعد أن كانوا مشرّدين ومحرومين من الإقامة فيها – أن يعودوا إلى القدس، ويمارسوا شعائرهم الدينية وتقاليدهم بحرّية.

وفي الوقت نفسه، لم يُبدِ قسمٌ من المسيحيين تخوّفًا من فتح المدينة، لما وجدوه فيه من خلاصٍ لهم من تسلّط بعض رجال الدين البيزنطيين. كما كان للمسلمين شوقٌ دينيٌّ خاصٌّ إلى القدس عقب حادثة الإسراء والمعراج، فتحقّق هذا الأمل بتولّيهم حكم المدينة. وقد أسهمت السياسة الإسلامية المتَّبعة في القدس في ترسيخ أسس التعايش السلمي، حيث شهدت المدينة، ولأول مرة، تعايشَ المكوّنات الدينية الثلاثة: اليهودية والمسيحية والإسلام، ضمن إطارٍ من السلم الاجتماعي والعلاقات المتبادلة.

وتهدف هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على النظام الإسلامي وأثره في تنظيم الجانب الاجتماعي لمدينة القدس، بما أسهم في بناء علاقاتٍ اجتماعية متوازنة بين مختلف مكوّنات

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

المجتمع، وانعكس إيجابًا على الحياة العامة في المدينة، من خلال إقرار حرية العقيدة، وتعزيز التعايش الاجتماعي، واحترام التنوّع والاختلاف. وقد أُنجز هذا البحث اعتمادًا على المعطيات الواردة في المصادر التاريخية، وباتباع المنهج التاريخي الوصفي والتحليلي والمقارن، حيث جرى تناول كل مكوّن من مكوّنات مدينة القدس على حدة، مع الإشارة إلى أبرز القوى والشخصيات المؤثرة فيه، ثم دراسة طبيعة علاقات التعايش والتفاعل بين هذه المكوّنات. وفي الختام، عُرضت النتائج المتوصَّل إليها، مرفقةً بقائمةٍ للمصادر والمراجع.

## پێکهاتەی دانشتوانی شاری قودس‌و (پێکەوە ژیانیان بەنموونە) لەماوەی نێوان ساڵانی (١٥-٢٤٧ک/٦٣٦-٨٦١ز)


**هونەر قەرەنی کەریم[١] – ئەحمد ڕەزا ئەحمد[٢]**

١+٢ بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

1. Huner.mezhu@uor.edu.krd
2. ahmed.mejw@uor.edu.krd



**پوختە:**

فەتحکردنی شاری قودس لەساڵی (١٥ک/٦٣٦ز) لەلای موسلمانان، بەیەکێك لەڕووداوە گرنگەو بەرچاوەکان هەژمار دەکرێت، بەجۆرێك کۆمەڵێك لێکەوتەی لێکەوتەوە، یەکێك لەلێکەوتەکان بووەهۆی گۆڕانکاری لایەنی کۆمەڵایەتی‌و پێکهاتەکانی شارەکە، بەجۆرێك بەر لەفەتحکردنی شارەکە مەسیحییەکان لەشاری قودس باڵادەستبوون‌و بەردەوام کاریان بۆ چەوساندنەوەی پێکهاتەکانی دیکە دەکرد، بەڵام فەتحکردی شارەکە هۆکاربوو بۆئەوەی گۆڕانکاری لەپێکهاتەکانی شاری قودسدا بکرێت، بەجۆرێك یەهودییەکان لەدەربەدەری‌و ئاوارەبوون، جارێکی دیکە گەڕانەوە شاری قودس‌و بەشێوەیەکی ئازادانە پەیڕەوی داب‌و نەریت‌و ئایینی خۆیان دەکرد، هاوکات بەشێکی مەسیحییەکانیش نیگەران نەبوون لەفەتحکردنی شارەکە، چونکە لەدەستی پیاوانی ئایینی بێزەنتی ڕزگاریان بوو، هەروەها موسلمانانیش لەدوای ڕووداوی ئیسراو میعراج بەئاواتی گەیشتن بوون بەشاری قودس، بۆیە ئاواتەکەیان هاتەدیو بوون بەفەرمانڕەوای شارەکە، دواجار بەهۆی سیاسەتی موسلمانان لەشاری قودسدا بووەهۆی ئەوەی کە بۆ یەکەم جار هەرسێ پێکهاتەی ئایینی (یەهودی، مەسیحیو موسلمان) بەشێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوەبژینو پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەنێواندا هاتەئاراوە، کە ئامانجی توێژینەوە بریتییە لەتیشك خستنەسەر سیستەمی ئیسلامی و کاریگەری لەڕێکخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی شارەکەدا، کەبووەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی شارەکە دروست ببێت و ڕەنگدانەوەیان بەسەر شاردا هەبێت، بەجۆرێك ئازادی ئایینی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لەجیاوازییەکان هاتەئاراوە، ئەم توێژینەوەیە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەکاندا

هاتووە، بە پەیڕەوکردنی میتۆدی مێژووی وەسفی و شیکاری و بەراوردکاری، لەم بابەتەدا کۆلدراوەتەوەو تیشکخراوتەسەر هەر یەك پێکهاتەکانی شاری قودس، بەجۆرێك ئاماژە بەهۆزو کەسایەتییە دیارەکانی هەر پێکهاتەیەك کراوە، پاشان ئاماژە بەپەیوەندی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان کراوە، لەکۆتایدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوتەڕوو.

**کلیلیە وشەکان:** پێکهاتەکان، پێکەوەژیان، لایەنی کۆمەڵایەتی، قودس.

## پێشەکی:

ئەم لێکۆلینەوەیە بەناونیشانی پێکهاتەکانی شاری قودسو پێکەوە ژیانیان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٥-٢٤٧ك/٦٣٦-٨٦١ز)دا، تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر پێکهاتەکانی شارەکەو پەیوەندی پێکەوەژیانیان، بەتایبەت دوای فەتحکردنی شاری قودس گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەشارەکەدا هاتەئاراوە، بەجۆرێك شارەکە لەسیمایەکی مەسیحیەتەوە گۆڕا بۆ سیمایەکی ئیسلامی، بۆیە سیمای ئیسلامی ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی بەسەر هەموو لایەنەکانی شاردا هەبوو، بەتایبەت لایەنی کۆمەڵایەتی یەکێکبوو لەو لایەنانەی کەگۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆیەوەبینی، بەجۆرێك دوای ئەوەی موسلمانان بەئاشتیو ڕێککەوتن شارەکەیان فەتحکرد، ئەم ڕێککەوتنە بووەهۆی ئەوەی بەشێکی موسلمانان لەشارو ناوچە جیاوازەکان بەرەو شارەکە کۆچ بکەن، لەلایەکی دیکەوە یەهودییەکان کە پێش فەتحکردنی شارەکە لەلایەن مەسیحییەکان لەشارەکەدا دوورخرابوونەوە، بۆیە لەژێر سایەی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی جارێکی دیکە گەڕانەوە شوێنە پیرۆزەکانیان لەشارەکەدا، دواجار سیاسەتی موسلمانان لەشاری قودس بووەهۆی ئەوەی پێکهاتەکانی شارەکە هەر یەکەیان خەریکی ئایینو پەرستنی خۆیان بن، لەلایەکی دیکەوە هەموان ڕێز لەپیرۆزییەکانی یەکتر بگرن، پاشان ئەم ڕێزگرتنە بووەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکە بێتەئاراوە، دواجار ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بووەهۆی ئەوەی کە بۆ یەکەمجار هەرسێ پێکهاتەی ئایینی (یەهودی، مەسیحیو موسلمان) لەشارەکەدا بەیەکەوە بژین، هەندێ جاریش لەبۆنەو ئاهەنگی یەکتر بەشدار دەبوون.

**گرنگی توێژینەوەیە:** لێکۆلینەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتیو بەتایبەت پێکهاتەکانی شاری قودسو پێکەوەژیانیان لەماوەی توێژینەوەدا تەنها کردنەوەی دەروازەیەك نییە بەڕووی لایەنێکی پەراوێزخراوی لایەنی کۆمەڵایەتی شاری قودس، بەڵکو تێگەیشتنێکی قوڵترمان پێدەبەخشێت دەربارەی لایەنی کۆمەڵایەتیو پێکهاتەکانی شاری قودس لەقوناغێکی پەراوێزخراودا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشك بخرێتەسەر هەر یەك لەپێکهاتەکانی شارەکە، بەتایبەت پێکهاتەکانی موسلمانان، کە خۆی لەچەندین ڕەگەزی جیاواز دەبینێتەوە، بەتایبەت ڕەگەزەکانی (عەرەب، فارسو بیانییەکان)، هەوڵدراوە تیشکبخرێتەسەر هەر تیرەو هۆزێكو شوێنی نیشتەجێبوونیانو کاریگەرییان لەشارەکەدا، هاوکات ئاماژە بەپێکهاتەکانی یەهودیو مەسیحییەکانیش کراوە، کە هەر یەکەیان خاوەن چەند تیرەو کەسایەتی دیاربوون لەشارەکەدا، پاشان ئاماژە بەپەیوەندی نێوان پێکهاتەکانو پێکەوەژیانیان کراوە، کەلەماوەی توێژینەوەدا

تارادەیەکی بەرچاو بەشێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوەژیاون. سەبارەت بەگرنگی ئەم بابەتە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە بەقوڵایی چوتە ناو بابەتەکەو کاریگەری پێکهاتەکان لەسەر شارەکە دەخاتەڕوو، ئەگەرچی ئەم قوناغەی لەتوێژینەوە ئاماژە پێکراوە، یەکێکە لەو قوناغانەی کە لەلایەن سەرچاوەکان پشتگوێخراوەو وەکو پێویست ئاماژە پێنەکراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەولدراوە تیشکبخرێتەسەر گرنگترین پێکهاتەکانی شارەکە لەماوەی توێژینەوەو پەیوەندی نێوانیانو ڕەنگدانەوەیان بەسەر شارەکەدا.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەنووسینی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی گرنگیو کاریگەری لایەنی کۆمەڵایەتی شاری قودس لەماوەی توێژینەوەدا، بەتایبەت کاریگەری پێکهاتەکان بەسەر لایەنەکانی دیکەو شارەکەدا، بەجۆرێك پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانو پەیوەندنی پێکەوەژیانو ڕەنگدانەوەیان بەسەر شاری قودسدا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا بەناونیشانی پێکهاتەکانی شاری قودسو پێکەوە ژیانیان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٥-٢٤٧ك/٦٣٦-٨٦١ز)دا، لە پوختەیەك و پێشەکی و لەدوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ ئاماژەکردن بەپێکهاتەکانی شاری قودس، کە تێدا تیشکخراوتەسەر گرنگترین پێکهاتەکانی شارەکەو شوێنی نیشتەجێبوونیان. هەروەها تەوەری دووەم تایبەتکراوە بەپێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینیەکانی شارەکە، کە ئاماژەکراوە بەپەیوەندی نێوان پێکهاتەکانو هەلوێستیان بەرامبەر یەکتر.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەویەدا پشت بەمیتۆدی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەپشت بەستن بەسەرچاوە مێژووییەکان بەستراوە، هەندێکجاریش میتۆدی شیکاریو بەراوردکاری گیراوەتەبەر بۆ خوێندنەوەی ئەو دیوی ڕووداوەکان.

**شرۆڤەی سەرچاوەکان:** لەنووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سود لەکۆمەڵێك سەرچاوەی ڕەسەنو ژێدەر وەرگیراوە، گرنگترین سەرچاوە ڕەسەنەکان بریتین لە(**البلدان**)ی (العقوبي (ت: ٢٨٤هـ/٨٩٧م) کەیەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی بواری جوگرافی، لەمیانی باسیکردنی شاری قودس سودێکی بەرچاو لێبینراوە بۆ باسکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی شارەکە، هەروەها پەرتووکی (**أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم**)ی (المقدسي ت: ٣٨٠هـ/٩٩٠م) پەرتووکێکی دیکەی گرنگە لەبواری جوگرافی، لەمیانی ناساندی شاری قودس، کۆمەلێك زانیاری بەسودی لەبواری کۆمەڵایەتی باسکردووە، هاوکات (**الأنس الجليل بتاريخ القدس والخليل**)ی (الحنبلي ت: ٩٢٧هـ/١٥٢٢م)، یەکێکە لەپەرتووکە گرنگەکان کە بەشێکی تایبەت بەمێژووی شاری قودس، لەسەروبەندی باسکردنی ڕووداوەکانی شارەکە کۆمەلێك زانیاری بەسودی دەربارەی لایەنی کۆمەڵایەتی شارەکە خستوتەڕوو، هەروەها (**جمهرة أنساب العرب**)ی (ابن حزم د.ت) یەکێکی دیکەیە لەپەرتووکە گرنگەکان کەئاماژەی بەکۆمەلێك هۆزی عەرەبی کردووە کەنیشتەجێ شاری قودس بوون. هەروەها بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان هەندێ جاریش سود لەژێدەرەکان وەرگیراوە، بەتایبەت پەرتووکی (**The Arabs in history**)ی (Bernard Lewis) بۆ بەراوردکردنی زانیارییەکان سودی لێبینراوە، هاوکات پەرتوکی (**فلسطين في عهد الأموي**)ی (بدور)



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

یەکێکە لەژێدەرە تایبەتەکان، کە سودێکی بەرچاوی لێبینراوە، پەرتووکی (**فلسطين من الفتح العربي الإسلامي إلى أواسط**)ی (عاقل) هاوشێوەی ژێدەرەکانی دیکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان سودی لێبیراوە. جگە لەم سەرچاوانەی کەخرانەتەڕوو چەند سەرچاوەیەکی دیکەش بەکارهاتوون، کەبەشێکیان هاوسەردەمی ڕووداوەکان بوونو هەندێکیشیان بەشێوەی تۆمارکراو گەیشتوون بەو سەردەمەو جارێکیتر شیکردنەوەیان بۆکراوە.

**کێشەی توێژینەوەکە**: ئەگەرچی توێژینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی مێژووی شاری قودس ئەنجامدراون، بەڵام کەمتر گرنگی بەقوناغی دوای فەتحکردنی شارەکە دراوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بەقوناغەکانی سەردەمی دوای ماوەی توێژینەوە دراوە، لەلایەکی دیکەوە لایەنی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەلایەنە پەراوێزخراوەکانی شاری قودسو کەمتر لای توێژەران باسکراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشکبخرێتەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیو پێکهاتەکانی شارەکە لەماوەی توێژینەوەدا.

**پرسی توێژینەوە:**

١- گرنگترین پێکهاتەکانی شاری قودس لەڕووی نەژادیو ئایینی لەماوەی توێژینەوەدا چین؟

٢- تا چ ڕادەیەك پەیوەندی پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکە لەئارادابوو؟

## تەوەری یەکەم: پێکهاتەکانی شاری قودس

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەفەلەستین بەشێوەیەکی گشتیو بەتایبەت لەشاری قودسدا پێکهاتەیەکی فرەچەشنو بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە، بەجۆرێك پیرۆزی شارەکە لەلایەن شوێنکەوتوانی هەر سێ ئایینی ئاسمانی (یەهودی، مەسیحیو ئیسلام) هۆکارە بۆئەوەی بەردەوام لایەنی کۆمەڵایەتی لەگۆڕانکاریدا بێت، بەڵام لەسەردەمی ئیسلامیدا تاڕادەیەك دەتوانرێت پێکهاتەکانی شارەکە بەمشێوەیە پۆلین بکرێت، (موسلمانو ئەهل زیممە)(بدور، ٢٠٠٤، ٢٠٩؛ محمد، ٢٠١١، ١٠٤)، هەوڵدەدرێت تیشك بخرێتەسەر پێکهاتەی (نەژادیو ئایینی)و کاریگەری هەر یەك لەم پێکهاتانە لەشاری قودسدا.

### یەکەم: پێکهاتەی نەژادی

#### أ- عەرەب

ڕەگەزی عەرەبو فارس وەکو دوو پێکهاتەی موسلمانان، مێژووی دەرکەوتنیان لەشاری قودسدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ پێش فەتحکردنی شارەکە لەلایەن موسلمانان دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك (اليعقوبي) ئەمەی دووپاتکردووتەوەو دەڵێت "**خەڵکی فەلەستین تێکەڵەیەکن لەعەرەبو فارس، بەتایبەت هۆزەکانی (لخم، جذام، قضاعة، بني النجار، كندة، قيس وكنانة)**"(٢٠٠٢، ١٦٧)، هەروەها مێژوونووسی فەرەنسی (غارودي) ئاماژەی بەکۆمەڵێك دەستنووسی یۆنانی کردووە، ئەوەی دووپاتکردووتەوە کەزۆرینەی دانیشتوانی (یەکەی سەربازی فەلەستین)[1] عەرەب بوون، لەسەدەی (٤پ.ز) چوارەمی پێش زایین بەرەو ناوچەکە کۆچیان

كردووەو نیشتەجێبوون، پاشان چەند شانشینێکیان لەفەلەستین دامەزراند(١٩٩١، ١١٩)، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کەعەرەبەکان بوونێکی بەرچاویان لەناوچەکانی فەلەستین بەشێوەیەکی گشتی بەر لەفەتحکردنی ناوچەکە هەبووە.

بەجۆرێك هۆزەکانی **(لخم والجذام)** گەورەترین‌و بەناوبانگترین هۆزی عەرەبی بوون لەناوچەکەدا، کە لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) بەشێکی ئەندامانی هۆزی (لخم) هاتوون بۆلای پەیامبەرو موسلمانبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە(بدور، ٢٠٠٤، ٢١٠)، هاوکات هۆزی لخم نەوەی کەسایەتییەك بوون بەناوی (مالك بن عدي بن الحارث كهلان)، کەشوێنی نیشتەجێبوونیان لەفەلەستین دەکەوێتە ناوچەکانی باشوری شاری قودس‌و ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوای دەریایی مردوو(ابن حزم، د.ت، ٤٢٢؛ عاقل، د.ت، ٢٩٥)، هەروەها لەسەردەمی کۆتا خەلیفەی ئومەوی (مروان بن محمد ١٢٧-١٣٢ك/٧٤٤-٧٥٠ز) یەکێك لەکەسایەتییە دیارو ناودارەکانی هۆزی لخم بەناوی (حميد بن عبدالله اللخمي) لەلایەن خەلیفەوە دەکرێتە بەرپرسی یەکێك لەشارەکانی فەلەستین بەناوی (الباب)(بدور، ٢٠٠٤، ٢١١)، هەروەها هۆزی جذام نەوەی کەسایەتییەك بوون بەناوی (عدي بن الحارث كهلان)، شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوتە هەر یەك لەشارەکانی (بيت جبرين، طبرية والقدس)، هەروەها ئەندامانی ئەم هۆزە پێش موسلمانبوونیان لەجەنگی (مؤتة ٨ك/٦٢٩ز)و (اليرموك ١٥ك/٦٣٦ز)دا لایەنگری ڕۆمەکان بوون(ابن حزم، د.ت، ٤٢٠؛ عاقل، د.ت، ٢٩٥)، پاشان لەسەردەمی خەلیفە عومەردا، کاتێك خەلیفە بەمەبەستی فەتحکردنی شاری قودس بەرەو شارەکە بەڕێدەکەوێت لەڕێگەدا چاوی بەکۆمەڵێك ئەندامانی هۆزی (الجذام) دەکەوێت، دوای دانیشتن‌و گفتوگۆکردن لەگەڵیان دەربارەی ئایینی ئیسلام، خەلیفە توانی بڕوا بەبەشێکیان بهێنێت بۆ ئەوەی موسلمانبوونی خۆیان ڕابگەیێنن، پاشان لەگەڵ سوپای خیلافەتی ئیسلامی بەشداری بەشێکی فتوحاتی سەر شارو ناوچەکانی فەلەستینیان کرد(الواقدى، ١٩٩٧، ٢٢٨)، هەروەها یەکێك لەبنەماڵە دیارو ناودارەکانی ئەم هۆزە بنەماڵەی کەسایەتییەك بوو بەناوی (روح بن زنباع الجذامي ٨٤ك/٧٠٣ز)، کەسایەتی ناوبراو هۆکاربوو بۆئەوەی ڕۆڵی هۆزەکەی لەسەردەمی خیلافەتی ئومەوی زیاتر دەربکەوێت، بەجۆرێك لەگەڵ خەلیفە مەعاویە بەشداری جەنگی (صفين ٣٧ك/٦٥٧ز)ی کردووە، دواتر ئەم کەسایەتییە زیاتر لەسەردەمی خەلیفە عەبدولمەلیك‌و کوڕەکەی وەلید دەردەکەوێت‌و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ خەلیفەکانی ناوبراودا هەبوو، هەروەها یەکێك لەکوڕەکانی بەناوی (سعيد بن روح بن زنباع) لەسەردەمی خەلیفە وەلیدا دەبێتە والی فەلەستین، هاوکات یەکێك لەبراکانیشی بەناوی (ضبعان بن روح بن زنباع ١٢٦ك/٧٤٤ز) یەکێکبوو لەکەسایەتییە دیارو ناودارەکانی فەلەستین(الطبري، د.ت، ٢٦٦/٧-٢٦٧)، هاوکات کەسایەتییەکی دیکەی ئەم هۆزە بەناوی (ناتل بن قيس بن زيد الجذامي ٨٦ك/٦٨٥ز) لەسەردەمی خیلافەتی عەبدولمەلیك لەدژی ئومەوییەکان ڕادەپەڕێت‌و لایەنگری بزوتنەوەی عەبدوڵای کوڕی زوبێر(ت.٧٣هـ/٦٩٢م) دەکات(عاقل، د.ت، ٢٩٥)، پاشان لەسەردەمی کۆتا خەلیفەی ئومەوی کەسایەتییەکی دیکەی ئەم هۆزە بەناوی (ثابت بن نعيم الجذامي ت. ١٢٧ك/٧٤٥ز) لەدژی خەلیفە وەستایەوە، بەڵام دوای چەند هەوڵێك لەدژی

خەلیفە شکستیهێناو دواجار لەلایەن سوپای خیلافەت کوژرا(الطبري، د.ت، ٣١٤/٧؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٩/٥)، هەروەها لەسەرەتای بانگەشەی عەبباسییەکاندا کوڕانی ڕوح هەر یەك لە (سعید و ضبعان) وەکو دوو سەرکردەی فەلەستینی لەدژی ئومەوییەکان لایەنگری عەبباسییەکان دەکەن، بەجۆرێك دوای ڕاکردنی کۆتا خەلیفەی ئومەوی لەدیمەشق بۆ میسر دەستیانگرت بەسەر بەشێکی خەزێنەی دەوڵەت لەفەلەستیندا(عاقل، د.ت، ٢٩٥)، هاوکات (بنو فیض) بنەماڵەیەکی دیکەی دانیشتووی شاری قودس بوون، کەسەر بەهۆزی جەزامی بوون(القلقشندي، ١٩٨٠، ٣٩٥).

هۆزی (**قضاعة**) هۆزێکی دیکەی نیشتەجێی فەلستینو شاری قودس بوو، ئەندامانی ئەم هۆزە نەوەی کەسایەتییەك بوون بەناوی (قضاعة بن عدنان) (ابن حزم، د.ت، ٤٤٠)، پێشهاتنی ئاینی ئیسلام لایەنگری ڕۆمەکان بوون، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام، بەشێکی ئەندامانی هۆزەکە لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) موسلمانبوونی خۆیان ڕادەگەیێنن، هاوکات (سواد بن غزیة بني عدي بن النجار) یەکێك لەکەسایەتییە دیارەکانی ئەم هۆزە، کە لەسەردەمی پەیامبەر موسلمان دەبێتو لەجەنگی (بەدر ٢ك/٦٢٤ز) بەشدار دەبێت، لەگەڵ پەیامبەر چیرۆکێکی سەرنجراکێش تۆمار دەکاتو هەمیشە لەناو مێژووی ئیسلامدا بەبایەخەوە باسکراوە، کە (ابن الأثیر) بەمشێوەیە باسیکردووە **"سواد یەکێکبوو لەهاوەڵانی پەیامبەر، کاتێك پەیامیەر لەرۆژی بەدردا خەریکی ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی سوپاکەی بوو، هاوەڵانی ریزکردبوون، بۆئەوەی بەرێکی بوەستن، بەڵام کاتێك دەگات بەلای سواد، کە لەرێزی هاوەڵان کەمێك هاتووتە پێشەوە، بۆیە پەیامبەر بەو شمشێرەی کە لەدەستیدا بووە، کەمێك گەیاندوویەتی بەورگی بۆ ئەوەی بچێتەوە دواوەو لەگەڵ سوپاکە بەرێکی بوەستێت، بەڵام لەو کاتەدا سواد بەپەیامبەری فەرموو ئازارت پێگەیاندم، خودا تۆی ناردووە بۆئەوەی ڕزگارم بکەی نەك ئازارم بدەی، بۆیە لەوکاتەدا پەیامبەر پەشێمان دەبێتەوەو زکی دەردەخاتو پێی فەرموو تۆڵەی خۆت بکەوە، بەڵام سواد زکی پەیامبەری ماچکرد، پاشان پەیامبەر سوادی لەباوەشکردوو دوعای خێری بۆکرد"**(ابن الاثیر، د.ت، ٥٩٠/٢؛ ابن سعد، ٢٠٠١، ٤٧٨/٣)، هەروەها (سلیمان المشجعي) کەسێکی دیکەی ئەم هۆزە بوو، لەسەردەمی خیلافەتی ئومەویو لەماوەی خیلافەتی مەعاویەدا پۆستی وەزیر وەردەگرێت(بدور، ٢٠٠٤، ٢١٢).

هۆزێکی دیکەی نیشتەجێی شاری قودس بریتیبوو لە (**بني النجار**)، دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بەشێکی زۆری ئەندامانی هۆزەکە موسلمان دەبن، یەکێك لەکەسایەتییە دیارەکانی ئەم هۆزە (أوس بن ثابت بن النجار) بوو کە لەسەردەمی خیلافەتی ڕاشدیندا لەماوەی خیلافەتی خەلیفە عوسمان لەشاری قودسدا کۆچیدوای کرد، هەروەها لەدوای خۆشی کوڕێکی بەناوی (شداد بن أوس بن ثابت ت. ٦٤ھ/٦٨٣م) وەکو کەسێکی دیاری ناو هۆزەکەی دەردەکەوێت، کەسێکی دیکەی ئەم هۆزە (عبدالله بن عمر بن النجار) بوو دانیشتووی شاری قودسە، یەکێك لەنەوەکانی چەندین فەرموودەی پەیامبەری لەهاوەڵ (عباده بن الصامت بن قیس بن فهر ت. ٣٤ھ/٦٥٥م) گێڕاوتەوە(ابن سعد، ٢٠٠١، ٥٠٢/٣).

هەروەها بەشێکی دیکەی پێکهاتەی دانیشتوانی شاری قودس، بریتیبوون لەبەشێکی ئەندامانی هۆزی (**کنانة**)، بەجۆرێك ئەندامانی ئەم هۆزە بۆ کەسایەتییەك بەناوی (کنانة بن خزیمە) دەگەڕێنەوە، یەکێك لەئەندامانی ئەم هۆزە بەناوی (وائل بن الاسقع بن عبدالعزى) کەدانیشتووی شاری قودسە، هاوەڵی پەیامبەر بوو، هاوکات یەکێکبوو لەبەشداربووانی فەتحکردنی شارەکانی دیمەشق(١٣هـ/٦٣٤م)و حومس(١٥هـ/٦٣٦م)، پاشان لەساڵی (٨٣ك/٧٠٢ز) لەسەردەمی خیلافەتی عەبدولمەلیك لەشاری قودس کۆچیدوای کرد(ابن حزم، د.ت، ١٨٠؛ بدور، ٢٠٠٤، ٢١٢-٢١٣).

لەدوای فەتحکردنی شارو ناوچەکانی فەلەستین، بەشێوەیەکی گشتی کۆچی هۆزەکان بۆ فەلەستینو بەتایبەت شاری قودس دەستیپێکرد، هاوکات لەماوەی فەرمانڕەوایەتی خیلافەتی ئومەویدا خەلیفەکان زیاتر گرنگییان بەنیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لەشوێنە فەتحکراوەکان داوە، بەئامانجی دووبارە چاندنەوەی زەوییەکانو زیادکردنی داهاتی ناوخۆیی، لەهەمان کاتدا دوای نیشتەجێکردنی هۆزەکان لەناوچەکاندا، کەس مافی وەرگرتنەوەیان لێ نەبوو، بۆیە دوای نیشتەجێبوونیان زیاتر بیرۆکەی موڵکداری لەناوچەکەدا هاتووتەئاراوە، بۆیە ئەمانە هۆکاربوون بۆئەوەی هۆزە عەرەبەکان لەدوای فەتحکردنی فەلەستین زیاتر ڕوو لەشارەکانی فەلەستین بکەن، بۆئەوەی ببن بەخاوەن زەویو موڵك، هۆکارێکی دیکە بریتیبوو لەپیرۆزی شاری قودس لای موسلمانان، بەتایبەت بوونی مزگەوتی ئەقسا لەشارەکەدا، هۆکاربوو بۆئەوەی لەدوای فەتحکردنی شارەکە، خەڵك لەهەموو شاروو ناوچەکانی ڕوو لەشارەکە بکات، هەروەها هۆکارێکی دیکە خودی خەلیفە عومەر زاناو کەسایەتییە دیارەکانی لەبواری ئایینی بۆ ناوچە فەتحکراوەکانی دەنارد بۆئەوەی خەڵکی ناوچەکە فێری ئایین بکات، یەکێك لەو کەسایەتییانەی بۆ شارو ناوچەکانی فەلەسینی نارد، بریتیبوو لە(عبدالله بن غنم) کە کەسێکی ڕاستگۆو چاکەکاربوو(ابن کثیر، ١٩٩٠، ٢٦/٩).

**ب- مەوالی**

هەروەها پێکهاتەیەکی دیکەی دانیشتوانی شاری قودس بریتیبوو لە(**مەوالییەکان**)، بەجۆرێك مەوالی سەرەتا بەو کەسانە دەگوترا کە لەشەڕەکان بەدیل دەگیرانو دواتر موسلمان دەبوون، بەڵام دواتر ئەم زاراوەیە بۆ هەموو ئەو موسلمانانە بەکاردەهێنرا کە بەرەگەز عەرەب نەبوون(النجار، ١٩٤٩، ١٤)، هاوکات (Bernard Lewis) دەربارەی مەوالییەکان دەڵێت **"هەر موسلمانێك لەدایکبوونەوە ئەندامی یەکێك لەهۆزە عەرەبەکان نەبووبێت بەمەوالی هەژماردەکرێت، لەنێو مەوالیدا ڕەگەزی فارس، ئەرمەن، میسری، بەربەرو گەلانی دیکەی ناعەرەب هەبوون"**(١٩٥٤، ٧٠)، هاوکات دەستەواژەی مەوالی لەزمانی عەرەبیدا بەچەند شێوەیەك گوزارشتی لێکراوە، بەجۆرێك بەواتای (هاوکار) یاخود کوڕی (مام) یان (هاوپەیمان) گوزارشتی لێکراوە(ابن المنظور، ١٤٠٥، ١٥/٤٠٨-٤٠٩)، هەروەها مەوالییەکان لەسەردەمی خیلافەتی ئومەویدا پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی ئیسلامی بوون، ئەوەش زیاتر بەهۆی دەستپێشخەری

خەڵکی ناوچە فەتحکراوەکان بوو بۆ ناو ئیسلام، بۆیە بەهۆی کاریگەریو ڕەنگدانەوەی مەوالییەکان لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، مێژوونووس (فلیب حیتی) لەباسکردنی چینەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەچینی دووەم هەژماری کردوون، پاشان ئاماژەی بەوەکردووە کە مەوالی یەکەم کەس بوون لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەولەکانیان لەسەر توێژینەوەی زانستیو هونەرە جوانەکان چڕکردەوە، هاوکات ئەدەبو زانستەکانیان بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی گواستەوە، کە لەبواری زاستو فیکردا بەسەر عەرەبەکاندا باڵادەست بوون، دواجار هاوسەرگیریيان لەگەڵ عەرەبەکان بووەهۆی تێکەڵبوونی ڕەگەزەکان(١٩٥١، ٢/٩٧-٩٨)، هاوکات (Bernard Lewis) ئاماژەی بەوەکردووە کە مەوالییەکان لەڕووی تیورییەوە لەگەڵ عەرەبەکان یەکسانن، ئەگەرچی داوای یەکسانی ئابوریو کۆمەڵایەتییان دەکرد، بەڵام خیلافەت لەسەردەمی ئومەویدا یەکسانی تەواویان پێنەبەخشی، لەئەنجامدا بەهۆی سەپاندنی باجێکی زۆر بەسەریان، لەسەردەمی خەلیفە عەبدولمەلیك بووەهۆی جێهێشتنی بەشێکی زەوییە کشتوکاڵییەکان، لەئەنجامدا بووەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی ناوخۆیی، بۆیە خەلیفە جارێکی دیکە مەوالییەکانی گەڕاندنەوە سەر زەوی کشتوکاڵییەکانیان، ئەگەرچی مەوالییەکان شان بەشانی عەرەبەکان لەسوپادا شەڕیان دەکرد، بەڵام لەکۆمەڵێك مافی کۆمەڵایەتیو جەنگی وەکو بوون بەسوارو دەسکەوتی جەنگ بێبەشکران، لەهەمان کاتدا زەواجکردنی مەوالییەکان لەگەڵ عەرەب بەشتێکی کەم سەیردەکرا(١٩٥٤، ٧٠).

بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەشێکی مەوالییەکان لەسەردەمی خیلافەتی ئومەویدا خاوەن چەندین پۆستی کارگێری بوون، لەوانەش (رجاء بن حيوه الكندي ت. ١١٢هـ/٧٣٠م) بوو کەدانیشتووی شاری قودس بوو، لەسەردەمی خەلیفە عەبدولمەلیکدا لەکاتی دروستکردنی قوبەی سەخرە لەلایەن خەلیفەوە وەکو بەرپرسو چاودێری قوبەکە دەستنیشانکرا، پاشان لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا کرا بەوەزیر(الصفدي، ٢٠٠٠، ١٤/٧٠؛ ابن كثير، ١٩٩٠، ٣٠٤/٩).

پاشان لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسیدا، بەشێوەیەکی گشتی جیاکاری لەنێوان مەوالیو عەرەبەکان بەدی ناکرێت، بەجۆرێك کاتێك خەلیفە ئەبو جەعفەر لەساڵی (١٤١ك/٧٥٩ز)دا سەردانی شاری قودس دەکاتو چاوی بەکەسایەتییەکی مەوالی بەناوی (الليث بن سعد بن عبدالرحمن ت. ١٧٥هـ/٧٩١م) دەکەوێت، بەجۆرێك خەلیفە بەزیرەکیو لێهاتووی کەسی ناوبراو سەرسام دەبێت، بۆیە پێشنیاری بۆ دەکات کەببێت بەوالی میسر، بەڵام کەسی ناوبراو داوای لێبوردنی لەخەلیفە کردوو باسی لاوازی خۆی کرد بەهۆی ئەوەی کەمەوالییە(الذهبي، ١٩٩٠، ٣٠٨/١١-٣٠٩)، سەبارەت بەبوونی مەوالی لەشاری قودس، ئەگەرچی شتێك نییە بەناوی ئەوەی کەمەوالییەکان لەشارەکەدا جیاکرابنەوە، بەڵام بەهۆی ئەو دەستەواژەو جیاکارییەی لەماوەی خیلافەتی ئومەوی بەرامبەر موسڵمانانی ناعەرەب بەکارهێنراوە، بۆیە هەولدراوە هەمان دەستەواژە بۆ موسڵمانانی ناعەرەب لەماوەی خیلافەتی ئومەوی لەشارەکەدا بەکاربهێنرێت.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزی عەرەب لەدوای فەتحکردنی شارەکە (١٥ك/٦٣٦ز)و بەتایبەت ماوەی خیلافەتی ڕاشدین‌و ئومەویدا، بەهۆی پیرۆزی شارەکە بەشێکی هۆزە عەرەبەکان ڕوویان لەشارەکەدا کردوو لەوێ نیشتەجێ بوون، پاشان بوون بەپێکهاتەی سەرەکی شارەکە، بەڵام لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسیدا بەهۆی جێگیربوونی سنورەکان‌و دروستبوونی بیرۆکەی موڵکداری لەناو عەرەبدا کەمترکۆچکردنی هۆزەکان هاتووتە ئاراوە.

ج- ئەهل زیممە

ئەهلی زیممە بریتین لەو جولەکەو نەساریو صابیئەکانی لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژیان، واتە ئەوانەی خاوەن پەرتووکی ئاسمانین، دوای ئەوەی ناوچەکانیان بەرێککەوتن دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی خیلافەت لەسەر بنەمای مانەوەیان لەسەر ئایینی خۆیان، لەبەرامبەردا خیلافەت ئەرکی پاراستنی سەرو ماڵیان لەسەر شانبوو(زیدان، ١٩٨٢، ٢٢؛ فليب، ١٩٥١، ٩٨/٢)، لەڕووی زمانەوانییەوە واتە کەسێکە پەیمانی لەگەڵ کەسێکی دیکە هەیە، بەمانای مافو ئەمانەت دێت، واتە لەزیممەتی کەسێکی تردایە(أبو الحسين، ١٩٧٩، ٣٤٦/٢)، لەڕووی زاراوەشەوە لەقورئان‌و سوننەتدا بەمشێوەیە هاتووە ﴿كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لاَ يَرْقُبُواْ فِيكُمْ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَى قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ﴾(سورة التوبة، ٨).

لەزاراوەی شەرعیدا دوو واتای هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە هەندێک لەزانایان پێیان وایە وەسفێکی ئیعتیبارییە کەیاسادانەر بۆ مرۆڤ داناوە، دووەمیان بەشێك لەزانایانی ئوسووڵ پێیان وایە کەمەبەست لەزیممەت لەڕووی ئایینییەوە کەسێکە کە لەئەستۆی کەسێکدایەو پەیمانێک هەیە، بەم پێیە ئەهلی زیممە ئەوانەن کەموسڵمان نین‌و خاوەن پەرتووکی ئاسمانین، لەچوارچێوەی سنوری خیلافەتی ئیسلامی بەپێی ڕێککەوتنێک پاراستنی سەرو ماڵیان دەکەوێتە ئەستۆی موسڵمانان(السرخسي، ١٩٩٧، ١٧٥/١-١٧٦).

ئەم بابەتە جێگەی مشتومڕو جەدەلێکی گەورەیە لەنێوان بیرمەندە ئیسلامییەکان، کەخیلافەتی ئیسلامی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بەواتایەکی دیکە بابەتی ئەهلی زیممە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بەخیلافەتی ئیسلامییەوە، ئەوەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مافو ئەرکەکانیاندا، واتە هەمان ئەو ئەرکو مافی موسلمانانیان هەیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی وەکو موسڵمانان هەموو ئەرکەکان جێبەجێ ناکەن، بۆیە لەبەرامبەردا ئەرکێکی دارایی سەرانە (الجزية) دەکەوێتە ئەستۆیان(ابن الجوزي، ١٩٩٧، ٧٩/١؛ https://www.centerfs.org/ahl-al-zimmah//)، هاوکات ئەوەی جێگەی ئاماژەیە (منداڵو مێردمنداڵ، ئافرەت، هەژار، پیاوانی ئایینی، نەخۆش‌و پەکەوتە) لەسەرانەدان بەخشراون(ابن الجوزي، ١٩٩٧، ١٦١/١-١٦٢؛ محمد، ٢٠١٣، ١٤٤)، هەروەها سەبارەت بەخوێنی ئەهلی زیممە، لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەنیوەی خوێنی موسلمانان هەژمارکراوە، بەجۆرێك خوێنی کەسێکی موسلمان بە(٨) هەشت هەزار دیرهەم بووە، خوێنی کەسێکی ئەهلی زیممە (٤) چوار هەزار دیرهەم بوو(أبو داود، ١٩٩٨، ١٥٥/٥-١٥٦).

سەبارەت بەپێکهاتەکانی نەساری لەشاری قودس بریتین لە(الروم الأرثوذكس، الأقباط، الأحباش، السريان، الأرمن والموارنه)، بەجۆرێك رۆمی ئەرسەدۆکسی بەرەگەز یۆنانینو پێکهاتەیەکی گرنگی دانیشتووی شاری قودسن، هاوکات (بوفیناليوس) یەکەم کەسایەتی ئەم پێکهاتەیە بوو کەوەك بەتریکی کەنیسەی شاری قودس لەساڵی (٤٥١-٤٥٨ز) دیاریکرا(أحمد، ١٩٨٤، ٥٧)، هاوکات پێکهاتەی (الأقباط) پێکهاتەیەکی دیکەی شارەکە بوو، باس لەوەدەکرێت کەدەرکەوتنی قبتییەکان لەشاری قودس بۆ سەدەی یەکەمی زایینی دەگەڕێتەوە، ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆربوو لەشارەکەدا، چونکە خاوەن کەنیسەی تایبەت بەخۆیان بوونو لەکاتی فەتحکردنی شارەکە لەلایەن خیلافەت، لەرێککەوتنی نێوان خەلیفەو خەڵکی شارەکە ئاماژە بەناوی قبتییەکان کراوە، سەربارەت بەگرنگی شاری قودس لەلای قبتییەکان بۆ سەردەمی هێلینای دایکی قوستەنتین دەگەڕێتەوە، کاتێك هێلینا ویستی کەنیسەی قیامە لەشارەکەدا دروستبکەت، داوای لەبەتریکی قبتییەکان بەناوی (اثناسيوس الأول ٢٩٣-٣٧٣ز) کرد بۆئەوەی لەگەڵ بەرتریکی قوستەنتینیە لەدروستکردنی کەنیسەی قیامە بەشداربێت، بۆیە لەوکاتەوە شارەکە لەلایان خۆشەویست دەبێت، دواجار کەنیسەیەك بەناوی (هيكل الأقباط) لەتەنیشت کەنیسەی قیامە دروست دەکەن، پاشان کەنیسەکە داوا لەشوێنکەوتوانی دەکات بۆ کەفارەتی گوناهەکانیان سەردانی خاکی پیرۆز بکەن، هەر کەسێك توانای سەردانیکردنی نەبوو، پێویستە هاوکاری پێشکەش بەکەنیسەکە بکات، دابو نەریتیان ئەوەیە بەگۆرانیو ستایشو مەشخەل ئاهەنگ دەگێڕن بۆ ئەو حاجیانی لەخاکی پیرۆز دەگەڕێنەوە(ديمتري، ١٩٧٦، ١٣-١٤؛ أحمد، ١٩٨٤، ٦٥-٦٨)، (الأحباش) سەرەتای دەرکەوتنیان لەشارەکەدا نادیارە، لەسەدەی چواری زایینی بوونەتە مەسیحی، ئەم گروپە زیاتر لەژێرکاریگەری قبتییەکان بوون، کە سەرۆکی خانەقاکەیان لەلایەن قبتییەکانی میسر دیاری دەکرا(العارف، ١٩٥١، ١٣٧)، (السريان) لەسەدەی یەکەمی زایینی لەشاری قودس ژیاون، بەزمانی ئارامی قسەیان دەکرد، سریانەکان بەهۆی پەیوەندی خراپیان لەگەڵ بێزەنتییەکان، لەکاتی فەتحکردنی شارەکە لەلایەن موسلمانان دڵخۆشبوون، چونکە بووەهۆ رزگاربوونیان لەدەستی بێزەنتییەکان، سەردەمی ئیسلامی لەشارەکەدا بەسەردەمی زێرین ناودەبەن، چونکە یەکێکبوون لەو گروپانەی لەلایەن خیلافەتەوە ئازادی تەواویان پێبەخشراوە(حيتى، ١٩١٠، ١٣-١٤؛ أحمد، ١٩٨٤، ٦٩-٧٠)، هەروەها (الأرمن) پێکهاتەیەکی دیکەی شارەکە بوون، لەناوەڕاستی سەدەی سێیەمی زایینی بوون بەمەسیحی، لەسەدەی چواری زایینی وەك حاجی هاتن بۆ شاری قودسو ناوی شارەکەیان کرد بە(يروساغيم)، هاوشێوەی سریانەکان بەفەتحکردنی شاری قودس لەلای موسلمانان دڵخۆشبوون، چونکە بەردەوام دەبوون بەقوربانی ململانێی نێوان فارسو بێزنتییەکان، ئەرمەنەکان لەشارەکەدا خاوەن کەنیسەی (مار يعقوب) بوون لەماوەی توێژینەوەدا نزیکەی (٨) بەتریك بوون بەبەتریکی ئەرمەنی لەکەنیسەی ناوبراو(العارف، ١٩٥١، ٩٩؛ أحمد، ١٩٨٤، ٧٠-٧١).

(الموارنة) پێکهاتەیەکی دیکەی شارەکەن، نەوەی کەسایەتییەك بوون بەناوی (مار مارون ت.٤١٠ز)، شوێنی سەرەکییان دەکەوێتە لوبنان، باس لەوە دەکرێت موارنەکان لەماوەی نێوان

(١٥-١٠٤ك/٦٣٦-٧٢٢ز) لەرووی پێگەوە لەپێش هەموو پێکهاتەکانی دیکەی شارەکە بوون، بەڵام بەهۆی دووریان لەپێگەی سەرەکییان لەلوبنان ئەم پێگەیان لەدەستدا، هاوکات نەیاری دەسەڵاتی ئسلامی بوونو لەکاتی هاتنی خاچپەرستان هاوکاریان دەکرد(اسطفان، ١٨٩٠، ١٠٠-١٠١؛ العارف، ١٩٥١، ١٤٨).

نەسارییەکانی فەلەستین بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دووبەرەدا دابەشبوونە، بەشێکیان ئەوانەن کە لەئەوروپاوە لەگەڵ (هرقل ٥٧٥-٦٤١ز)ی ئیمبراتۆری رۆم ڕوویان لەناوچەکەو بەتایبەت شاری قودس کردووە، بەشی دووەمیان بریتیبوون لەو هۆزە عەرەبـو عەجەمەکانی ناوچەکە کەببوون بەمەسیحی(غارودي، ١٩٩١، ١١٤؛ بدور، ٢٠٠٤، ٢٢٢).

سەبارەت بەرەگەزی جولەکە لەشاری قودسدا بەراورد بەپێکهاتەکانی دیکە ژمارەیان کەمتربوو، ئەوەش بۆ دەستبەسەرداگرتنی شارەکە لەلایەن رۆمەکانەوە دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك دوای ئەوەی رۆمەکان بەسەرکردایەتی (قوستەنتینی گەورە ٢٧٢-٣٣٧ز) شارەکەیان داگیرکرد، پاشان بڕیاری دەربەدەرکردنی جولەکەکانی شارەکەی دەرکرد، ئەوەش بووەهۆی پەرشو بڵاوبوونو دەربەدەربوونی جولەکە، کەدواجار بووەهۆی ئەوەی ژمارەیان بەراورد بەپێکهاتەکانی دیکە روو لەکەمبوون بکات(مکاريوس، ١٩٠٤، ٧٧)، هاوکات سەردانی گەڕیدەی بیانی (التطيلي ت.٥٦٩ھ/١١٧٣م) لەسەدەکانی دوای ماوەی توێژینەوە بۆ شاری قودس ئەمە دووپات دەکاتەوەو دەڵێت **"ژمارەی جولەکەکان لەشاری قودس نزیکەی (٢٠٠) دووسەد کەسن، هەموویان لەگەڕەکێکی تەنیشت تاوەری داود نیشتەجێن"**(٢٠٠٢، ٢٤٨)، ئەمە دەرخەری ئەوەیە، ئەگەر ژمارەی جولەکە لەسەدەکانی دوای ماوەی توێژینەوە ئەوەندە کەمبێت، بەدڵنیاییەوە لەماوەی توێژینەوەدا کەمتربووە.

هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەبوونی ئەنجومەنێکی باڵای جولەکە بەناوی ئەنجومەنی (یشیفا) لەشاری تەبەریە دەکەن، لەلایەن کەسێك بەناوی (الغاؤون) سەرکردایەتی دەکرا، پاشان لەساڵی (١٨٣ك/٨٠٠ز)دا ئەنجومەنەکە گواستراوە شاری قودس(Goitien, 1986, 5\726).

سەبارەت بەمامەڵەی خیلافەت لەگەڵ ئەهلی زیممە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی باڵادا بوو، بەجۆرێك هەر لەسەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب ١٣-٢٤ك/٦٣٤-٦٤٤ز) هانی والیو کاربەدەستانی لەشارو ناوچەکانی خیلافەت داوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی دادپەروەران مامەڵە لەگەڵ ئەهلی زیممە بکرێت، پاشان لەسەردەمی خەلیفە (عثمان بن عفان ٢٣-٣٤ك/٦٤٤-٦٥٦ز)دا هاوشێوەی خەلیفە عومەر مامەڵەی لەگەڵیان دەکرد، دواتر لەسەردەمی خەلیفە (علي بن أبي طالب ٣٥-٤٠ك/٦٥٧-٦٦١ز)دا زیاتر ڕێزیان لێگیراو لەبەخششی موچەدا لەگەڵ عەرەبـو مەوالیدا یەکسان کران(محمد، ٢٠١٣، ١٤٥)، پاشان خۆشگوزەرانی ئەهلی زیممە لەسەردەمی خیلافەتی ئومەوی (٤١-١٣٢ك/٦٦٢-٧٥٠ز)دا زیاتر پەرەیسەندو ئاشتی زیاتریان بۆ هاتەدی، چونکە ئومەوییەکان دووربوون لەدەمارگیری ئایینی، بۆیە خیلافەت بەردەوام لێبوردەی بەرامبەریان دەنواند، بەتایبەت لەسەردەمی خەلیفە مەعاویەدا زیاتر بەشدارییان لەپۆستە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

کارگێڕییەکاندا کرد(Arnold, 1913, 63)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەماوەی خیلافەتی ئومەودا ڕێژەیەکی بەرچاو لەخەڵکی ئەهلی زیممە موسلمان بوون، ئەوەش بووەهۆی کۆرتیهێنانی لایەنی داریی لەخەزێنەی خیلافەتدا، بۆیە خەلیفە عەبدولمەلیکو وەلیدو سلێمان، بۆ ڕێگریکردن لەکورتیهێانی خەزێنەی خیلافەت، بڕیاریاندا لەدوای موسلمان بوونیشیان سەرانەیان لێوەربگیرێت، بەڵام لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا، ئەم سیاسەتەی بەرامبەریان هەڵوەشاندەوەو مامەڵەیەکی دادپەروەرانەی لەگەڵیان ئەنجامدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەهلی زیمم لەسەردەمی خیلافەتی ئومەویدا خاوەن پۆستی ئیداری وەکو دیوانو نووسەری دادگا بوون، لەهەمان کاتدا بەشداری چالاکی کشتوکاڵیو بازرگانیان دەکرد(محمد، ٢٠١٣، ١٤٦-١٤٧)، هەروەها لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسی (١٣٢-٦٥٦ك/٧٥٠-١٢٥٨ز)دا، عەباسییەکان هاوشێوەی ئومەوییەکان پەیوەندی ئاشتیان لەگەڵ ئەهلی زیمە پاراست، تەنانەت لەڕێکخستنی کارگێڕیو داراییو ڕۆشنبیری سودیان لێبینیو ڕێگەیان پێدرا بەشداری لەڕێکخستنی کاروباری ناوخۆییدا بکەن، هاوکات عەبباسییەکان ڕێزی بۆنە ئایینییەکانیان دەگرتو ڕێگەیان پێدەدا پەرستگە کۆنەکان نۆژەن بکەنەوە یاخود پەرستگەی نوێ دروستبکەن، ئەوەش زیاتر لەسەردەمی خەلیفە هارون ڕەشید دەردەکەوێت، کەخەلیفە بەباشترین شێوە مامەلەی لەگەڵ ئەهلی زیممەکانی شاری قودس دەکرد، بەجۆرێك ڕێگەی بەئیمبراتۆر شارلەماندا بۆئەوەی کڵێسەکانی نەسارییەکان لەشاری قودس نۆژەن بکرێنەوە، پاشان ڕێگەیدا کەنیسەیەکی نوێ بەناوی (العذراء) دروست بکات، پاشان پاراستنی حەجیانی نەساری لەشارەکەدا کەوتە ئەستۆی شارلەمان (Palmer, 1871, 90).

لەکۆتایی دەگەین بەو ئەنجامەی کەپێکهاتەکانی شاری قودس لەماوەی توێژینەوەدا، پێکهاتەی فرەچەشنو جۆراجۆرن، بەجۆرێك لەڕووی نەژادییەوە بریتین لەپێکهاتەکانی (عەرەب، مەوالی، ئەهلی زیممە) کەعەرەبەکان زۆرینەی پێکهاتەی شارەکە پێکدەهێننو جولەکە کەمینەن.

**دووەم: پێکهاتەی ئایینی**

**أ- یەهودی**

مێژووی یەهودییەکان لەشاری قودس دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگەڕانەوەی خەڵکی شارو لاوازی دەسەڵاتی فیرعەونەکان لەنزیکەی ساڵی (١٠٤٩پ.ز)دا، بۆیە لەساڵی ناوبراودا شاری قودس لەلایەن (بەنو ئیسرائیل)[٣] داگیرکرا(العارف، ١٩٥١، ١٣-١٤)، کەپێشتر بەنوئیسرائیل بەسەرکردایەتی پەیامبەر (موسی ع.س) لەسەردەمی (ڕامسیسی دووەم ١٢٧٩-١٢١٣پ.ز)دا بەناچاری میسریان جێهێشتو ڕوویان لەڕۆژهەڵاتی ئوردن کرد، دوای نزیکەی (٤٠) چل ساڵ پەیامبەر موسا لەڕۆژهەڵاتی ئوردن کۆچیدوای کرد، لەدوای خۆی (یشوع بن نون) جێگەی گرتەوەو لەساڵی (١١٨٩پ.ز)دا بەمەبەستی گرتنی شاری قودس بەڕێکەوت، ئەگەرچی توانی دەستبەسەر بەشێکی ناوچەکەدا بگرێت، بەڵام نەیتوانی خودی شارەکە داگیربکات، دوای کۆچیدوای یەشوعو هاتنی پەیامبەر (داود ع.س) لەساڵی (١٠٤٩پ.ز) سەرکردایەتی بەنو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئیسرائیلی کردو توانی دەستبەسەر شاری قودسدا بگرێت، دوای خۆی کورەکەی (سلیمان) لەساڵی (١٠٠٧پ.ز)دا جێگەی گرتەوەو بەشێوەیەکی بەرچاو شارەکەی فراوانکرد، دواجار لەساڵی (٩٧٥پ.ز)دا کۆچیدوای کردو دوای خۆی چەندین کەسایەتی لاواز جێگەیان گرتەوەو(الدباغ، ١٩٩١، ٣٢/٩؛ قنيبي، ٢٠٠٤، ٤٢-٤٣).

دوای فەتحکردنی شاری قودس، جێگەی دڵخۆشیو ڕەزامەندی یەهودییەکان بوو، چونکە پێش فتوحاتی ئیسلامی، یەهودییەکان بەردەوام لەلایەن مەسیحییەکان دەچەوسێنرانەوە، بۆیە فەتحکردنی شارەکە دەرفەتێکی گرنگبوو بۆ پێکهاتەی یەهودی، چونکە جارێکی دیکە گەڕانەوە شارەکەو لەژێر هەژموونو لێبوردەیی ئیسلامی لەزولمو زۆرداری مەسیحیەتیان ڕزگاریان بوو(الشماس، ١٩٤٩، ١١/٢).

سەبارەت بەبارودۆخی یەهودییەکان لەماوەی توێژینەوە لەئاستێکی باڵادابوو، بەجۆرێك ئازادی ڕادەربڕینو لێبوردەییان پێبەخشراوە، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە پەیڕەو لەدروشمو ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان بکەن، لەهەمان کاتدا لەلایەن خیلافەتی ئیسلامییەوە ڕێز لەپەرستگەو بۆنە ئایینیەکانیان دەگیرا، هاوکات لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەشداری هەموو جۆرە پیشەیەکی وەکو (پزیشکی، بازرگانی، کشتوکاڵ، ئەندازیاریو کارگوزاری)یان دەکرد(محمد، ٢٠١٣، ١٤٤؛ حاجی، ٢٠١٣، ١١٣-١١٤)، کە (المقدسي) بەمشێویە باسی کارو چالاکی بەشێك لەیەهودییەکانی شاری قودس کردووە **"یەهودییەکان (٢٠) بیست کەسیان خزمەتکاری مزگەوتی ئەقسا بوو، کە لەوەرزی زستانو هاوین کاری پاککردنەوەی مزگەوتو ئاوڕێژەکانیان دەکرد"**(١٩٩٤، ١٧٦)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە زۆرینەی بەڕێوبەرانی بانكو بۆیاغچیو زاناو چەرمسازەکانی وڵاتی شام یەهودی بوون(المقدسي، ٢٠٠٣، ١٥٥؛ محمد، ٢٠١٣، ١٤٥-١٤٧).

**ب- مەسیحی**

کاتێك ئایینی مەسیحی بڵاوبوویەوەو ڕۆمەکان ئایینەکەیان لەباوەش گرت، مەسیحیەت بوو بەئایینی فەرمی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی، سەرەتای دەرکەوتنی مێژووی کرداری مەسیحیەت لەشاری قودس بۆ ساڵی (٣١٣ز) دەگەڕێتەوە، کاتێك ئیمبراتۆر قوستەنتین بڕوای بەئایینی مەسیحی هێنا، دواجار دایکی قوستەنتین (هێلینا) گرنگییەکی تایبەتی بەشاری قودس دەدا، بۆ ئەو مەبەستەش کەنیسەی قیامەی دروستکرد(العارف، ١٩٥١، ٣٨)، بەجۆرێك مەسیحییەکان لەشاری قودس پێش فەتحکردنی شارەکە، دەسەڵاتداری یەکەم بوون، هاوکات لەهەموو ناوچەکانی ئیمبراتۆریەتی بێزەنتی مەسیحییەکان بەمەبەستی پەرستن سەردانی شارەکەیان دەکرد، بەڵام لەساڵی (٦١٤ز)دا فارسەکان هێرشیان کردەسەر ئیمبراتۆریەتی ڕۆمو دەستیان بەسەر فەلەستیندا گرت کەشاری قودس بنکەی بوو، لەئەنجامدا کۆمەڵ کوژیەکی گەورەیان لەناو شارەکە ئەنجامداو کەنیسەی قیامەیان وێرانکرد، دواجار ئیمبراتۆری ڕۆمانی (هرقل ٥٧٥-٦٤١ز) هێرشی کردەسەر فارسەکانو توانی شکستیان پێبهێنێتو شاری قودسی ڕزگارکردەوەو جارێکی دیکە حاجیانی مەسیحی لەهەموو

ناوچەکان ڕوویان لەشارەکە کرد، هەروەها شارەکە جارێکی دیکە بوو ناوەندێك بۆ ژیانی زاهیدییەکان بۆ پەیوەستبوون بەڕێزی ڕاهبەکان(الخليلي، ١٩٧١، ٢٢).

مەسیحییەکان دوای پرۆسەی فەتحکردنی شارەکە، لەڕێگەی بەستنی پەیمانێك لەگەڵ موسلمانان، توانیان مانەوەی پێکهاتەی خۆیان لەشارەکەدا بپارێزنو وەکو دووەم پێکهاتەی شار بمێنەوە، بەجۆرێك بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتنامە لەسەر کلتورو دابو نەریتو پەرستنەکانی خۆیان بەردەوام بوون(الطبري، د.ت، ٦٠٩/٣).

سەبارەت بەڕێژەی مەسیحییەکان لەشاری قودسدا، پێش فەتحکردنی شارەکە زۆرینەی پێکهاتەی شارەکە بوون، بەڵام دوای فەتحکردن ژمارەیان بەهۆی چەند هۆکارێك ژمارەیان ڕووی لەکەمبوون کرد، یەکێك لەهۆکارەکان موسلمانبوونی بەشێکی زۆری هۆزە عەرەبەکان بوو، کەپێش فەتحکردنی شارەکە ببوون بەمەسیحی(دسوقي، ١٩٩٨، ١٦٠)، هۆکارێکی دیکە بریتیبوو لەڕێککەوتنی نێوان خەلیفە عومەرو خەڵکی شاری قودس، بەجۆرێك لەڕێککەوتندا ئاماژە بەوەکراوە کەپێویست ڕۆمە ئاژاوەگێرەکان لەشارەکە دەربکرێن، لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوەکراوە کە**"هەر کەسێکی خەڵکی شار ئارەزووی جێهێشتنی شارەکەی هەبێت، سەروماڵی پارێزراو دەبێت تاوەکو دەگاتە شوێنی مەبەست"**(الطبري، د.ت، ٦٠٩/٣؛ الحنبلي، ١٩٩٩، ٣٧٧/١-٣٧٨)، بۆیە ئەوە هۆکاربوو بۆ جێهێشتنی ئەو مەسیحییانەی کە بەدەسەڵاتی ئیسلامی ڕازی نەبوون، هەروەها کۆچکردنی یەك لەدوای یەکی هۆزە عەرەبە موسلمانەکان بۆ شاری قودس هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی ژمارەی مەسیحییەکانی شارەکە بوو بەراورد بەموسلمانان، پاشان لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا ژمارەیەکی زۆری مەسیحییەکان موسلمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند، بۆیە ئەوەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی مەسیحییەکان بەراورد بەموسلمانان(محمد، ٢٠١١، ١١٣).

هەروەها (المقدسي) بەمشێوەیە باسی کارو چالاکی بەشێك لەمەسیحییەکانی شاری قودس کردووە **"مەسیحییەکان نزیکەی (١٠) دە کەسیان وەکو خزمەتکاری مزگەوتەکە کاریان دەکرد"**(١٩٩٤، ١٧٦)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە زۆرینەی پزیشکو زاناکانی وڵاتی شام مەسیحی بوون(المقدسي، ٢٠٠٣، ١٥٥؛ محمد، ٢٠١٣، ١٤٥-١٤٧)، هاوکات (المقدسي) ئەمەی دووپاتکردووتەوەو دەڵێت **"مەسیحییەکان لەشاری قودسدا زۆرن"**(٢٠٠٣، ١٤٥). بەشێوەیەکی گشتی مەسیحیەکان لەماوەی توێژینەوەدا، پێکهاتەیەکی گرنگی شارەکە بوون، لەدوای موسلمانان دووەم گەورەترین پێکهاتەی شار بوون.

**ج- موسلمان**

سەبارەت بەپەیوەندی موسلمانان بەشاری قودس بۆ ڕووداوی (إسراء ومعراج) دەگەڕێتەوە، کاتێك پێغەمبەر (د.خ) لەشاری مەککە شەوڕەوی پێکرا بۆ (بيت المقدس)و لەوێشەوە بۆ ئاسمانو دیداری خودا، کە لەقورئانی پیرۆزدا بەمشێوەیە تۆمارکراوە، ﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ

بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾(سورة الإسراء، ١)، هەروەها دوای ئەم شەو ڕەوییە کە نوێژ لەسەر موسلمان فەرزکرا (بيت المقدس) بوو بەیەکەم قیبلەی موسلمانان، ئەمەش زیاتر بووەهۆی پیرۆزبوونی شارەکە لەلای موسلمانان، بۆیە هەر لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) لەساڵی (٨ك/٦٢٩ز) هەولی فەتحکردنی شاری قودس درا، بەجۆرێك سوپایەکی نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار کەسی بەسەرکردایەتی (زيد بن حارث ت. ٦٢٩م) ڕەوانەی ناوچەی شام کرا، بەڵام دوای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ڕۆمەکان سەرکەوتوو نەبوونو بەشکست گەڕانەوە، دواجار ئەم هەڵمەتە بەشەڕی (مؤتة) ناسرا(ابن خياط، ١٩٨٥، ٨٦)، بۆیە دواجار لەساڵی (١٦ك/٦٣٧ز)دا خەلیفە عومەر سوپایەکی بەسەرکردایەتی (عبيدة بن الجراح ١٨ه/٦٣٩م) بۆ فەتحکردنی شاری قودس ڕاسپارد، سەرئەنجام عوبەیدە لەڕێگەی نامەوە خەڵکی شارەکەی ئاگەدارکرد، کەموسلمانبوونی خۆیان ڕابگەیێنن، یاخود ساڵان دەبێت باجو جزیە بدەن بەخیلافەتی ئیسلامی، دوای وڵامنەدانەوەی خەڵکی شار، ئەبو عوبەیدە بەسوپاکەیەوە گەمارۆی شارەکەیدا، تاوەکو ئەوکاتەی خەڵکی شار ڕەزامەندی ڕێککەوتنی ئاشتیان دەربڕی بەمەرجەی ئەوەی کەخودی خەلیفە عومەر سەردانی شارەکە بکات، دوای هەواڵدان بەخەلیفە خۆی بەرەو شارەکە بەڕێکەوتو لەگەڵ خەڵکی شار بەرێبەرایەتی بەرتریکیان بەناوی (صفرونيوس) بەجۆرێك ڕێککەوت کەساڵانە باجو سەرانە دەدەن بەخیلافەت لەبەرامبەر مانەوە لەسەر ئایینی خۆیانو پاراستنی سەروماڵیان، بەوشێوەیە شاری قودس بەشێوەی ئاشتیانە فەتحکرا(الواقدي، ١٩٩٧، ٥٣١؛ أبن خياط، ١٩٨٥، ١٣٤). دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی فەتحکردنی شاری قودس، شارەکە تاوەکو کۆتایی ماوەی توێژینەوە لەژێر سایەی خیلافەتی ئیسلامیدا مایەوە، پاشان بەهۆی پیرۆزی شارەکە لەلای موسلمانان، موسلمانان لەهەموو ناوچەیەکەوە ڕوویان لەشارەکەدا کردو، بەجۆرێك بوون بەگەورەترین پێکهاتەی شارەکە.

### تەوەری دووەم: پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینییەکانی شارەکە

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت بەتەنها بەبێ کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی بەردەوامی بەمانەوەی خۆی لەناو مێژوودا بدات، بەڵکو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پێویستی بەدەورووبەری خۆی هەیە، بۆ ئەم مەبستەش پێویستە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەریدا دروستبکات، بەڵام ئەم پەیوەندییەش ئاسانو بێ کێشەو گرفت نییە، چونکە جیاوازی ئایینو ڕەگەزو دابو نەریتی پێکهاتەکان زۆرجار دەبێتەهۆی دروستبوونی کێشەو گرفت، بەڵام لەبەرامبەردا زۆرجاریش دەبێتەهۆی دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کۆمەلگە(رسول، ٢٠٢٠، ١٥٣)، سەبارەت بەشاری قودس بەهۆی جیاوازی پێکهاتەکانی شارەکە لەڕووی ئایینیو ڕەگەزی، بۆتەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکیکۆمەڵایەتیو پێکەوەژیان لەشارەکەدا دروست ببێت، چونکە بوونی پێکهاتەی جیاواز، کەهەر یەکەیان خاوەن کلتورو دابو نەریتی تایبەت بەخۆیانن، بۆتەهۆی ئەوەی زۆرجار لەبۆنەکانی یەکدی بەشداربن .

هەروەها ڕێککەوتنی خەلیفە عومەر لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا زیاتر بوەهۆی هاتنەئارای پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکەدا، چونکە لەڕێککەوتندا ئاماژە بەوەکراوە، ئەوانەی لەشارەکەدا دەمێنەوە ژیانو سەروەتو سامانیان پارێزراودەبێت، هاوکات کڵێساو خاچو نەخۆشخانەکانیان پارێزراودەبن، فەرمانی بەوەکرد کەهیچ کەس لەیەهودیو مەسیحییەکان بەزۆرناکرێن بەموسلمان، تەنانەت ئازادن لەپەیڕەوکردنی دابو نەریتو ئایینی خۆیان، بەڵام پێویستە لەبەرامبەر پاراستنیان لەلایەن خیلافەتەوە، ساڵانە باج بدەن(الطبري، د.ت، ٦٠٩/٣)، لێرەدا نامەکەی خەلیفە بۆ خەڵکی شارەکە بەڕوونی پەیامی پێکەوەژیان دەگەیێنێت، چونکە مانەوەی پێکهاتەکانی یەهودیو مەسیحی لەسەر ئاینی خۆیانو پەیڕەوکردنی کلتوری خۆیان، دەبێتەهۆی تێکەڵبوون لەگەڵ یەکترو دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا.

هاوکات فەتحکردنی شارەکە لەلایەن موسلمانان جێی ڕەزامەندیو دڵخۆشی یەهودییەکان بوو، ئەوەش زیاتر بەهۆی سیاسەتی بێزەنتییەکان بەرامبەر یەهودییەکان بوو، چونکە دەوڵەتی بێزەنتی کەدەوڵەتێکی مەسیحی بوو، کاری لەسەر چەوساندنەوەی یەهودییەکان دەکرد، بەتایبەت سیاسەتی بێزەنتییەکان لەپێش فەتحی ئیسلامی لەڕاگواستنی یەهودییەکان بۆ شاری بابل بەکارهێنابوو، بووەهۆی ئەوەی پێکهاتەکانی یەهودی پێشوازی لەموسلمانان بکەن، بۆئەوەی لەدەردەسەری مەسیحییەکان ڕزگاریان بێت، نەك هەر پێشوازی تەنانەت لەکاتی لەشکرکێشی موسلمانان بۆ شارەکە، یەهودیەکان هاوکارییان پێشکەش بەسوپای خیلافەت دەرکرد، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەساڵی (٢٢ك/٦٤٣ز)دا یەهودییەکان لەدەوری سەرکردە موسلمانەکان لەشاری قودس کۆبوونەوەو پێشنیاری ئەوەیان بۆ کرد، کەخاچی مەسیحییەکان لەسەر شاخی زەیتون بشکێنرێتو لەناوبەرن، بۆیە دوای فەتحکردنی شارەکە مافەکەیان لەلایەن خیلافەتەوە هاوشێوەی مەسیحییەکان پارێزراوبوو، ئەوەش بووەهۆی بوونی پەیوەندییەکی ئاشتیانە لەگەڵ موسڵمانان(الشماس، ١٩٤٩، ١١/٢)، ئەوەی دەرخەری ئەم پەیوەندییە، بریتییە لەکارکردنی بەشێکی یەهودییەکان کەنزیکەی (٢٠) بیست کەسیان وەکو خزمەتکارو بەردەستی مزگەوتی ئەقسا کاریان دەکرد، بەجۆرێك لەوەرزی زستانو هاوین کاری پاککردنەوەی مزگەوتو ئاوڕێژەکانیان دەکرد(المقدسي، ١٩٩٤، ١٧٦).

هەروەها پەیوەندی مەسیحییەکان لەگەڵ موسلمانان هەر لەدوای فەتحی شارەکەوە دەستیپێکرد، بەجۆرێك ئاماژە بەوەکراوە کەمەسیحییەکانی شارەکە بەفەتحی موسلمانان ڕازیبوون، چونکە لەدەستی پیاوانی ئایینی بێزەنتی ڕزگاریانبوو، بەڵام داواکاری ئەوەیان لەخەلیفە هەبوو کەبەهۆی جیاوازی ئایینیو ڕەگەزی، لەگەڵ یەهودییەکان نەژین، بۆیە خەلیفە داواکەیان جێبەجێکردو شوێنی یەهودییەکانی لەشارەکە لەگەڵ مەسیحییەکان جیاکردەوە(أحمد، ١٩٨٤، ١٢٣)، سەبارەت بەهەڵوێستی مەسیحییەکان دەربارەی فەتحکردنی شارەکە لەلایەن موسلمانان، کەسایەتییەکی ئایینی مەسیحی بەناوی (عیشویابە) کەلەماوەی نێوان ساڵانی (٢٦-٣٧ك/٦٤٧-٦٥٧ز) بەتریکی مەسیحییەکان بوو، وەکو شایەتحاڵێك باسی لێبوردەی موسلمانان بەرامبەر مەسیحییەکان دەکات، دەڵێت **"ئەو عەرەبانەی کە خودا توانای کۆنترۆلکردنی جیهانی پێبەخشیوە،**

**مامەڵەیەکی باشمان لەگەڵ دەکەن، دوژمنی مەسیحییەت نین، بەڵکو ستایشی ئایینەکەمان دەکەنو رێز لەقەشەو پیرۆزییەکانمان دەگرنو دەستی هاوکاری بۆ کڵێساو خانەقاکانمان درێژ دەکەن"**(Gregorii, 1877, 118).

پاشان لەسەردەمی خیلافەتی ئومەویدا، کاتێك مەعاویە بەمەبەستی وەرگرتنی بەیعەت لەساڵی (٤١ك/٦٧١ز) سەردانی شاری قودس دەکات، دواتر بەسەر چیای (الجلجلة) سەرکەوتو لەوێ نوێژیکرد، پاشان سەردانی گۆڕی مەریەمی کردوو لەوێش نوێژیکرد، دواجار لەلایەن عەرەبەکانی شارەکە بەیعەتی پێدرا(ڤلهوزن، ٢٠٠٩، ٩٧)، سەردانی خەلیفە مەعاویە بۆ شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحی لەسەرەتای دەسەڵاتی خۆیەوە، ئاماژەیە بۆ دەربڕینی پێزانینو گرنگیدان بەشوێنە پیرۆزەکانو لێبوردەیی بەرامبەر مەسیحییەکان(أحمد، ١٩٨٤، ١٩٥)، دەکرێت ئەم سەردانەی خەلیفە بۆ شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحی، یەکێك بێت لەهۆکارەکانی هێنانەئارای پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی مەسیحیو موسلمانان لەشارەکەدا.

هاوکات خەلیفە مەعاویە یەکەم کەس بوو پلەو پۆستی ئیداری لەناو خیلافەت بەخشی بەمەسیحییەکان، بەجۆرێك پزیشکێکی مەسیحی بەناوی (ابن اثال) پزیشکی تایبەتی خەلیفەبوو، لەهەمان کاتدا ئەرکی کۆکردنەوەی باج پێبەخشی(Irfan, 2009, 2\179-180)، لەهەمان کاتدا یەکێك لەنووسەرانی خەلیفە مەعاویە کەسێکی مەسیحی بوو بەناوی (سرجون بن منصور الرومي ت. ٨٦هـ/٦٧٦م)(الجهشياري، ١٩٨٨، ٢٢)، هاوکات مەسیحییەکانی شاری قودس زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان پەنایان بۆ موسلمانان دەبرد، بەجۆرێك لەسەردەمی خەلیفە مەعاویە هەردوو پێکهاتەی (اليعاقبة)و (الموارنة) کێشە لەنێوانیاندا دروستبوو، دوای نەگەیشتن بەهیچ چارەسەرێك نوێنەری هەردوولا چوون بۆلای خەلیفە، دواجار کێشەکەیان چارەسەرکراو خەلیفە فەرمانیدا لەنێوخۆیاندا ئاشتی بەرقرار بکەن(أحمد، ١٩٨٤، ١٩٧)، دواتر لەسەردەمی خەلیفە عەبدولمەلیکدا مەسیحییەکان لەگەڵ موسلمانان لەڕازاندنەوەی قوبەی سەخرە بەشداربوون، کەموسلمانان لەوکاتەدا پشتیان بەپیشەوەرانی مەسیحی دەبەست(الدباغ، ١٩٩١، ٩/١٢٠)، هاوکات چەندین کرێکاری یەهودی لەلایەن خەلیفە عەبدولمەلیکو کوڕەکەی وەلید کران بەخزمەتکاری مزگەوتی ئەقسا، کە کاری دروستکردنی چراو فتیلیان دەکردو لەهەموو جۆرە باجێکیش بەخشرابوون(المقدسي، ١٩٩٤، ١٧٦)، بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی ئەهلی زیممە لەسەردەمی ئومەویدا لەقوناغی خۆشگوزەرانیدا بوو، کەئومەوییەکان بەوپەڕی لێبوردەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، بەجۆرێك مەسیحییەکان لەلایەنی ئیداری بەشداربوونو سامانو سەروەتی زیاتریان دەستکەوت بەراورد بەقوناغەکانی پێشووتر، تەنانەت بەختەوەری لەناویاندا زیادیکردو خاوەن پێگەی خۆیان بوون(أحمد، ١٩٨٤، ٢١٤).

هەروەها لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسیدا کاتێك خەلیفە ئەبو جعفەر(١٣٦-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز) سەردانی شارەکەی کرد کەسێکی یەهودی بەناوی (موسی) وەکو یەکێك لەکۆکەرەوانی باج لەشارەکە دیارکرد(أحمد، ١٩٨٤، ٢١٦)، پاشان لەماوەی فەرمانڕەوایەتی خەلیفە هارون

ڕەشیددا(١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز) پەیوەندی نێوان مەسیحیو موسلمانان زیاتر دەردەکەوێت، کاتێك شارلەمان دەبێتە ئیمبراتۆری کارۆلینجیو دەستیگرت بەسەر زۆرینەی ئەوروپا، ویستی پەیوەندی لەگەڵ مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتو بەتایبەت شاری قودس بەهێزبکات، بۆ ئەو مەبەستەش دوو وەفدی تایبەتی نارد بۆلای خەلیفە هارون ڕەشید، یەکەمیان لەساڵی (١٨١ك/٧٩٧ز)، دووەمیان لەساڵی (١٩٣ك/807ز)، لەهەمان کاتدا یەکێك لەقەشەکانی بەناوی زەکەریا نارد بۆلای بەتریکی شاری قودس، کەمەبەستی شارلەمان لەناردنی ئەم وەفدە زیاتر پاراستنو گرنگیدان بوو بەمەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات، هاوکات ئەمە یەکەم جاربوو کەئیمبراتۆرێکی ڕۆژئاوایی هەولی پاراستنی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بدات، لەبەرامبەردا خەلیفە ڕەزامەندی دەربڕی، بۆیە شارلەمان بەمەبەستی زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا خانەقایەکی لەسەر چیای زەیتون دروستکرد، لەهەمان کاتدا بەمەبەستی پاراستنی زیارەتکارانو سەردانکەرانی مەسیحی نەخۆشخانەیەکی لەشاری قودس دروستکرد، بۆئەوەی کە حاجیانی مەسیحی سەردانی شارەکە دەکەن، لەحالەتی پێویستدا خزمەتی حاجیان بکرێت، بەمەبەستی سەلامەتییان(الشماس، ١٩٤٩، ٣٩/٢؛ خدوري، ١٩٣٩، ٣٢).

بەشێکی دیکەی ئەو کارانەی دەرخەری پەیوەندی پێکەوەژیانی نێوان مەسیحیو موسلمانان دوویات دەکاتەوە، لەکاتی ئاهەنگگێڕانی مەسیحییەکان لەجەژنەکانیاندا، زۆرجار موسلمانان لەگەڵیان بەشدار دەبوونو چاودێری ئاهەنگەکانیان دەکرد(المسعودي، ٢٠٠٥، ١٩٨/٢)، بەجۆرێك نوێنەری (٣) سێزدە خێزانی عەرەب لەشاری قودسدا ساڵانە لەکاتی ئاهەنگەکانی شەمەی پیرۆزدا پێش جەژنی ئیستەر ئاڵایان هەڵکردووە(**حلبي، ٢٠١٦، ٥٩**)، هاوکات بەشێکی مەسیحییەکان وەکو خزمەتکاری مزگەوتی ئەقسا کاریان دەکرد(المقدسي، ١٩٩٤، ١٧٦).

هەروەها (KAREN ARMSTRONG) بەجۆرێك ئاماژەی بەپێکەوەژیان لەشاری قودسدا کردووە، کەموسلمانان دوای فەتحکردنی شاری قودس سیستەمێکیان لەشارەکەدا دامەزراند کەیەهودیو مەسیحیو موسلمانان بۆ یەکەمجار بتوانن پێکەوە لەشارەکەدا بژین، بەجۆرێك یەهودییەکان دوای دەربەدەرییان بۆ ماوەیەکی زۆر گەڕانەوە شاری قودسو دەستیانکرد بەپەرپێدانی پیرۆزییەکانیان لەشارەکەدا، بەشێوەیەك هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی لەشارەکەدا پێکەوە دەژیان، بەجۆرێك هەر پێکهاتەیەك لەمەزارگە تایبەتەکانی خۆیان کاری پەرستنیان ئەنجامدەدا، واتە هەرپێکهاتەیەك خاوەن شوێنی تایبەت بەخۆیان بوون، ئەمە بووەهۆی ئەزموونی پێکەوەژیان بۆ سێ ئایینی ئاسمانی، هەروەها فەتحی شارەکە لەلایەن موسلمانانەوە بووەهۆی کۆتاییهێنان بەگرژیو ناکۆکی نێوان یەهودی مەسیحییەکان لەشارەکەدا، کەنزیکەی (٦٠٠) شەسەد ساڵبوو لەسەر پێگەی شاری قودس دژایەتی یەکتریان دەکرد، هەر یەکەیان خۆی بەلەپێشتر دەبینی لەشارەکەدا، پاشان هەرسێ پێکهاتەکان هەولی ئەوەیان دەدا لەڕووی ئایینییەوە باڵادەستی خۆی بەسەر ئەوانی دیکە بسەلمێنێت، بەڵام پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسی بەراورد بەسەردەمی ئومەوی کەمبوویەوە، هۆکارەکەش زیاتر بۆ گواستنەوەی بنکەی خیلافەت لەدیمەشقەوە بۆ بەغداد بوو، چونکە بووەهۆی دورکەوتنەوەی پێگەی

خیلافەت لەشاری قودس، کەخەلیفەکانی ئومەوی بەردەوام سەردانی شارەکەیان دەکردو لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی شارەکەیان دەکردو کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر پێکهاتەکانی شارەکە هەبوو، بەڵام خەلیفەکانی عەبباسی بەهۆی دووریان لەشارەکە کەمتر سەردانی شارەکەیان دەکردو گرنگیان پێداوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەشێکی خەلیفەکان لەکاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەج سەردانی شارەکەیان دەکرد(2005، ٢٨٩-٢٩٠).

هەروەها سەردانی (برنارد الحکیم) لەساڵی (٢٥٦ك/٨٧٠ز)دا بۆ شاری قودس دووپاتی پێکەوەژیان لەشارەکەدا دەکاتەوە، بەجۆرێك ئاماژەی بەوەکردووە کەمەسیحیو موسلمانان لەسەر ڕێکەوتنێکی باشن، ئاسایشی گشتی دەپارێزن، ئەگەر کەسێك بییەوێت لەشەودا سەفەر بکات، پێویستە بەڵگەنامەیەکی هەبێت کەناسنامەکەی بسەلمێنێت، لەئەگەری نەبوونی ناسنامە دەخرێتە زیندانو لێکۆڵینەوە لەگەڵی دەکرێت، پاشان سەردانی میوانخانەی حاجیانی مەسیحی لەشارەکەدا کردووە، کە لەلایەن شارڵەمانەوە دروستکراوە، ستایشی میوانخانەی کردووە(العارف، ١٩٩٩، ١٢٤).

هاوکات (المطران میشیل یتیم) ئاماژەی بەپەیوەندی دۆستانەو پێکەوەژیانی مەسیحیو موسلمانانی کردووە، کە دەڵێت **"مەسیحیو موسلمانان لەکۆمەڵگەی عەرەبیو ئیسلامیدا تێکەڵ بوونو پەیوەندییە هاوبەشەکانیان پاراست، بەدەگمەن گرژی لەنێوانیادا دروستبووە، لەسەردەمی خۆشگوزەرانی ئیسلامی عەرەبیدا، سەرەڕای سنوردارکردنو نایەکسانی مافەکان، مەسیحییەکان لەڕێزو پێزانینی موسلمانان بەهرەمەند بوون، لەهەمان کاتدا ڕۆڵیان لەدەوڵەتدا هەبوو، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی کڵێساو خانەقاکانیانو زیندووی ئایینی خۆیان بپارێزن"**(١٩٩٩، ١٧٠).

سەرەڕای پێکەوەژیانی پێکهاتەکان، لەهەندێ کاتدا بەشێك لەخەلیفەکان سیاسەتێکی پێچەوانەیان بەرامبەر پێکهاتەکانی شارەکە جێبەجێکردووە، بەجۆرێك لەسەردەمی خیلافەتی ئەبو جەعفەری مەنسوردا سیاسەتی بەرامبەر مەسیحییەکان بەراورد بەخەلیفەکانی پێشخۆی گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەجۆرێك لەساڵی (١٣٩ك/٧٥٦ز)دا قەدەغەی کردووە کە کەنیسەی نوێ لەشارەکەدا دروستبکرێتو لەدەرەوەی کەنیسەکان نمایشی خاچەکانیان بکەن، هاوکات ڕێگەی نەداوە گفتوگۆی ئایینی لەگەڵ موسلمانان ئەنجامبدەن، هەروەها لەساڵی (١٤٠ك/٧٥٧ز)دا باجی بەسەر پیاوانی ئایینی مەسیحییەکانی سەپاندو ئەرکی کۆکردنەوەی باجی بەیەهودییەکان سپارد، دواتر لەساڵی (١٤٢ك/٧٥٩ز)دا مەسیحییەکانی لەفەرمانگەی باج دورخستنەوە، دواجار لەساڵی (١٥٥ك/٧٧٢ز) بڕیاریدا کەمەسیحیو یەهودییەکان لەپۆشینی جلو بەرگەوە نیشانەیەکی جیاکەرەوەیان هەبێت(أحمد، ١٩٨٤، ٢١٦).

لەکۆتاییدا دەگەین بەو ئەنجامەی، کەشاری قودس لەدوای فەتحکردنی لەلایەن موسلمانان بووەهۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار هەر سێ پێکهاتەی (یەهودیو مەسیحیو موسلمانان) پێکەوە لەشارەکەدا بژین، هاوکات ئەو سیاسەتەی خیلافەتی ئیسلامی لەدوای فەتحکردنی شارەکە بەرامبەر خەڵکی جێبەجێکرد، یەکێکبوو لەهۆکارەکانی هێنانە ئارای کایەی پێکەوەژیان

لەشارەکەدا، چونکە لەیەك کاتدا سێ ئامانجی پێکا، یەکێك لەئامانجەکان بووەهۆی شادبوونو دڵخۆشی موسڵمانان بەشارەکە، چونکە شاری قودس لەدوای ڕووداوی ئیسراو میعراج لەلای موسڵمانان وەکو شارێکی پیرۆز سەیرکراوە، هاوکات یەهودییەکانی لەدەردەسەری بێزەنتییەکان ڕزگارکرد، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە لەلایەن بێزەنتییەکان دەچەوسێنرانەوەو دەربەدەر کرابوون، لەدوای فەتحی موسڵمانان بەشێکیان گەڕانەوە شارەکەو بەبێ کێشەو گرفت پەیڕەوی دابو نەریتو ئاینیان دەکرد، هەروەها مەسیحییەکانی شارەکە کەماوەی چەندین ساڵبوو کەوتبوونە ژێر هەژمونی پیاوانی ئاینی لەناو دەوڵەتی بێزەنتی، کەبەهۆی جیاوازی مەزهەبییەوە دەیان ناڵاند، بۆیە دوای فەتحکردنی شارەکە لەژێر هەژمونی پیاوانی ئایینی بێزەنتی ڕزگاریان بوو، بەبێ کێشەو گرفت پەیڕەوی دابو نەریتو مەزهەبی خۆیان دەکرد.

**ئەنجامی توێژینەوە:**

١- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەشاری قودس، پێکهاتەیەکی فرەچەشنو بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە، بەجۆرێك بەهۆی پیرۆزی شارەکە لەلایەن پێکهاتەکانی (یەهودی، مەسیحیو موسڵمان) هەر پێکهاتەیەك هەوڵی باڵادەستی خۆی بەسەر شارەکەداوە.

٢- لەماوەی توێژینەوەدا بەهۆی باڵادەستی موسڵمانان بەسەر شارەکەدا، بۆتەهۆی ئەوەی کە موسڵمانان زۆرینەی پێکهاتەکانی شارەکە پێکبهێنن، هاوکات مەسیحییەکان بەپێکهاتەی دووەمو یەهودییەکان بەکەمینەی شار هەژمار بکرێن.

٣- هەروەها ڕەگەزەکانی عەرەبو فارسو گەلانی ناعەرەب، کەلەمێژووی ئیسلامیدا ناوەزەنکراون بەمەوالی، پێکهاتەی سەرەکی موسڵمانان بوون، بەجۆرێك هەر یەکەیان خاوەن پێگەی تایبەتی خۆیان بوون لەشارەکەدا.

٤- پێکهاتەکانی یەهودیو مەسیحی کە بەئەهلی زیممە ناوزەندکراون، بەجۆرێك مەسیحییەکانی شاری قودس بریتین لە(الروم الأرثوذكس، الأقباط، الأحباش، السريان، الأرمن والموارنه)، بەجۆرێك ڕۆمی ئەرسەدۆکسی بەڕەگەز یۆنانینو پێکهاتەیەکی گرنگی دانیشتووی شاری قودسن.

٥- دوای فەتحکردنی شاری قودس لەلای موسڵمانان، بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان خەڵکی شارو خەلیفە عومەر بۆتەهۆی ئەوەی کەهەر یەك لەپێکهاتەی یەهودیو مەسیحی لەشارەکەدا بەشێوەیەکی ئازادانە پەیڕەوی دابو نەریتو کلتورو ئایینی خۆیان بکەن، ئەوەش هۆکاربوو بۆ هاتنەئارای پەیوەندییەکی ئاشتیو دۆستایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکەدا.

٦- هاوکات فەتحکردنی شارەکە لەلایەن موسڵمانان جێی ڕەزامەندیو دڵخۆشی یەهودییەکان بوو، ئەوەش زیاتر بەهۆی سیاسەتی بێزەنتییەکان بەرامبەر یەهودییەکان بوو، چونکە دەوڵەتی بێزەنتی کەدەوڵەتێکی مەسیحی بوو، کاری لەسەر چەوساندنەوەی یەهودییەکان دەکرد، هەروەها لەلایەن مەسیحییەکانیش جێگەی ڕەزامەندی بوو، بەجۆرێك کەسایەتییەکی ئایینی مەسیحی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەناوی (عیشویابە) وەکو شایەتحاڵێك باسی لێبوردەی موسلمانان بەرامبەر مەسیحییەکان کردووە ئاماژەی بەوەکردووە، کە عەرەبەکان ئەگەرچی خودا توانای کۆنترۆڵکردنی جیهانی پێبەخشیبوو، بەڵام مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ دەکەن، دوژمنی مەسیحییەت نین، بەڵکو ستایشی ئایینەکەیان دەکەن و رێز لەقەشەو پیرۆزییەکانیان دەگرن.

٧- موسلمانان دوای فەتحکردنی شاری قودس سیستەمێکیان لەشارەکەدا دامەزراند، بەجۆرێك یەهودی و مەسیحی و موسلمانان بۆ یەکەمجار توانیان پێکەوە لەشارەکەدا بەشێوەیەکی ئاشتیانە بژین.

## لیستی سەرچاوە

### رەسەنەکان:


ابن الأثير: عز الدين ابن الحسن على بن محمد بن عبد الكريم الجزري (ت: ٦٣٠هـ / ١٢٣٢م)، (١٩٨٧)، الكامل في التاريخ، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الأثير: (د.ت)، أسد الغابة في معرفة الصحابة، دار الكتب العلمية، بيروت.

بنيامين التطيلي: بنيامين بن يونه التطيلي النباري الأندلسي (ت: ٥٦٩هـ/١١٧٣م)، رحلة بنيامين التطيلي، (٢٠٠٢)، للمجمع الثقافي، أبوظبي.

الجهشياري: أبي عبدالله محمد بن عبدوس (ت: ٣٣١هـ/٩٤٣م)، (١٩٨٨)، كتاب الوزراء والكتاب، دار الفكر الحديث، بيروت.

ابن حزم: أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد الأندلسي القرطنيات (ت: ٤٥٦هـ/١٠٦٣م)، (د.ت)، جمهرة أنساب العرب، دار المالعارف، القاهرة.

الحنبلي: مجيرالدين الحنبلي العليمي (ت: ٩٢٧هـ/١٥٢٢م)، (١٩٩٩)، الأنس الجليل بتاريخ القدس والخليل، مكتبة دنديس، عمان.

أبو داود: سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن عمرو بن عمران الأزدي السجستاني (ت: ٢٧٥هـ/٨٨٨م)، (١٩٩٨)، كتاب السنن سنن أبي داود، مؤسسة الريان، بيروت.

الذهبي: شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز (ت: ٧٤٨ هـ / ١٣٤٧م)، (١٩٩٠)، التاريخ الإسلام وقيات المشاهير والأعلام، دار الكتاب العربي، بيروت.

ابن سعد: محمد بن سعد الواقدي (ت: ٢٣٠هـ/٨٤٥م) (٢٠٠١)، الطبقات الكبير، مكتبة الخانجي، القاهرة.

السرخسي: محمد بن أحمد بن أبي سهل السَّرَخْسِيّ الخزرجي الأنصاري (ت: ٤٩٠هـ/١٠٩٠م)، (١٩٩٧)، شرح كتاب السير الكبير للإمام محمد بن الحسين الشيباني، دارالكتب العلمية، بيروت.

الصفدي: صلاح الدين خليل بن أيبك (ت: ٧٦٤هـ/١٣٦٣م)، (٢٠٠٠)، الوافي بالوافيات، دار أحياء التراث العربي، بيروت.

الطبري: ابو جعفر محمد بن جرير (ت: ٣١٠ / ٩٢٣م)، (د.ت)، تاريخ الطبري تاريخ الرسول والملوك، دار المالعارف، القاهرة.

أبو فارس: أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا القزويني الرازي (٣٩٥هـ/١٠٠٤م)، (١٩٧٩)، معجم مقاييس اللغة، دار الفكر، دمشق.

ابن قيم الجوزي: أبو عبدِ الله شَمْسُ الدِّينِ مُحَمَّدُ بنُ أَبِي بَكرِ بنِ أَيُّوبَ بنِ سَعْدِ بنِ حَرِيْزٍ الزُّرَعِيُّ الدِّمَشقِيُّ الحَنبَلِيُّ (ت: ٧٥١هـ/١٣٥٠م)، (١٩٩٧)، أحكام أهل الذمة، رمادي النشر، السعودية.

القلقشندي: أحمد بن علي بن أحمد الفزاري القلقشندي (ت: ٨٢١هـ / ١٤١٨م)، (١٩٨٠)، نهاية الأرب في معرفة أنساب العرب، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

ابن كثير: عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير بن ضَوْ بن درع (ت: ٧٧٤هـ/١٣٧٣م)، (١٩٩٢)، البداية والنهاية، مكتبة المالعارف، بيروت.

المسعودي: ابو الحسن على بن الحسين بن على (ت: ٣٤٦هـ/٩٥٧م)، (٢٠٠٥)، مروج الذهب ومعادن الجوهر، مكتبة العصرية، بيروت.

المقدسي: ابو عبد الله شمس الدين محمد البشاري (ت: ٣٨٠هـ/٩٩٠م)، (٢٠٠٢)، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، دار الكتب العلمية، بيروت.

المقدسي: شهاب الدين أبي محمود (ت: ٧٦٥هـ/١٣٦٣م)، (١٩٩٤)، مثير الغرام إلى زيارة القدس والشام، دار الجيل، بيروت.

ابن منظور: محمد بن مكرم بن على أبو الفضل (ت: ٧١١هـ/١٣١١ز)، (١٤٠٥)، لسان العرب، نشر أدب الحوزة، ايران.

الواقدي: أبو عبدالله محمد بن عمر بن واقد الواقدي (ت: ٢٠٧هـ/٨٢٣م)، (١٩٩٧)، فتوح الشام، دار الكتب العلمية، بيروت.

اليعقوبي: أبو العباس أحمد بن إسحٰق بن جعفر بن وهب بن واضح (ت: ٢٨٤هـ/٨٩٧م)، (٢٠٠٢)، البلدان، دار الكتب العلمية، بيروت.

ژێدەرەکان:

-زمانی عەرەبی

جعفر الخليلي(الخليلي)، (١٩٧١)، موسوعة العتبات المقدسة (قسم القدس)، د.د.ن، بغداد.

محمود حلبي(حلبي)، (٢٠١٦)، المسيحيون والمقدسات المسيحية في القدس، مؤسسة القدس الدولية، بيروت.

ديمترى رزق(رزق)، (١٩٧٦)، قصة الأقباط في الأرض المقدسة، رابطة القدس للأقباط الأرثوذكس، القدس.

مصطفى مراد الدباغ(الدباغ)، (١٩٩١)، بلادنا فلسطين، دار الهدى، **الأسكندرية.**

روجيه غارودي(غارودي)، (١٩٩١)، فلسطين أرض الرسالات السماوية، طلاس، دمشق.

سليمان بدور(بدور)، (٢٠٠٤)، فلسطين في عهد الأموي، وزارة الثقافة، عمان.

الشماس، (١٩٤٩)، خلاصة تاريخ الكنيسة الملكية، مطبعة المخلصية، د.م.

أحمد جاسر أحمد(أحمد)، (١٩٨٤)، تاريخ القدس، دار البشير، عمان.

محمد أمين محمد أبو شمالة(محمد)، (٢٠١١)، فلسطين تحت الحكم العباسي المباشر (١٣٢-٢٦٤هـ/٧٥٠-٨٧٨م)، مكتبة الجزيرة الورد، مصر.

عارف العارف(محمد)، (١٩٥١)، المسيحية في القدس، دير الروم الأرثوذكس، القدس.

عبدالكريم زيدان(زيدان)، (١٩٨٢)، أحكام الذميين والمستامنين في دار الإسلام، مؤسسة الرسالة، بيروت.

قنيبي موسى قنيبي(قنيبي)، (٢٠٠٤)، المدينة المحسورة، الطليعة الجديدة، دمشق.

فيليب دي طرازي(طرازي)، (١٩١٠)، السلاسل التاريخية في أساقفة الابرشيات السريانية، الأدبية، بيروت.

حيتى حتى، (د.ت)، تاريخ سورية ولبنان وفلسطين، دار الثقافة، بيروت.

لشاهين بك مكاريوس(مكاريوس)، (١٩٠٤)، تاريخ الاسرائيليين، المقطف، مصر.

مار اسطفان(اسطفان)، (١٨٩٠)، تاريخ الطائفة المارونية، الكاثوليكية، بيروت.

مجيد خدوري(خدوري)، (١٩٣٩)، الصلات الدبلوماطيقية بين هُرون الرشيد وشارلمان، التفيض الاهلية، بغداد.

محمد الطيب النجار(النجار)، (١٩٤٩)، الموالى في العصر الأموى، دار النيل، القاهرة.

محمد دسوقى(دسوقى)، (١٩٩٨)، القبائل العربية في بلاد الشام، الهيئة المصرية، القاهرة.

المطران ميشيل يتيم(يتيم)، (١٩٩٩)، تاريخ الكنيسة الشرقية واهم أحداث الكنيسة الغربية، البولسية، بيروت.

نبية عاقل(عاقل)، (د.ت)، فلسطين من الفتح العربي الإسلامي إلى أواسط، مكتبة فلسطين، فلسطين.

يوليوس ڤلهوزن(ڤلهوزن)، (٢٠٠٩)، تاريخ الدوله العربية، المركز القومي، القاهرة.

-زمانی کوردی

محمد كاظم محمد الهاشمي و عواظف محمد العربي شنقارو(محمد، شنقارو)، (٢٠١٣)، پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی، چوارچرا، سلێمانی.

رسول إبراهيم رسول(رسول)، (٢٠٢٠)، پێكهاتەكانی كوردستان لەسەردەمی عەبباسیدا، نارین، هەولێر.

زريان حاجى(حاجى)، (٢٠١٣)، ڕەنگدانەوەی شارستانیەتی یۆنانی لەناو شارستانیەتی ئیسلامییدا، شڤان، سلێمانی.

-زمانی ئینگلیزی

Gregorii Barhebrael, (1877), Ciironicon Ecclesiasticum, Peeters, Paris.

Goitien, S.D., (1986), Al-Kuds – history, Encyclopedia of Islam, Lieden, Holanda.

Irfan Shahid, (2009), Byzantium And The Arabs in The Sixth Century, Dumbarton Oaks, Washington.

KAREN ARMSTRONG, (2005), JERUSALEM, Ballantine, New York.

Lewis Bernard, (1954), The Arabs in history, Hutchinson, New York.

Palmer, (1871), Jerusalem, Richard Bentley And son, London.

-پێگەی ئەلیکترۆنی

https://www.centerfs.org/ahl-al-zimmah//

**پەراوێز:**

(١) **یەکەی سەربازی فەلەستین:** فراوانبوونی سنوری خیلافەتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا، هۆکاریبوو بۆ ئەوەی لایەنی ئیداریو بەڕێوەبردن گرنگییەکی زیاتر پێبدرێت، بۆیە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی لەفەلەستین لەسەردەمی عومەردا، خەلیفە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە بڕیاریدا فەلەستین بەسەر دوو یەکەی سەربازی دابەشبکات، بەجۆرێك کەسێکی بەناوی (علقمة بن حکیم)ی کرد بەفەرمانڕەوای بەشی یەکەم کە شاری ڕەملە

بنكەی بوو، هەروەها کەسێکی دیکەی بەناوی (علقمة بن مجزز الكناني) كرد بەفەرمانڕەوای بەشی دووەم کەشاری (قودس) بنکەی بوو(الطبري، د.ت، ٦١٠/٣؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، ٣٤٩/٢).

(٢) ئەگەرچی ناوی مەوالی لەشاری قودس وەکو پێویست بەدی ناکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەماوەی توێژینەوەدا ناوی مەوالی بەشێوەیەکی گشتی بۆ موسلمانە ناعەرەبەکان بەرکارهێنراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بۆ جیاکاری پێکهاتکانو ڕەگەزەکان هەمان ناو بەکارهێنراوە.

(٣) **بەنو ئیسرائیل**: بریتین لەمندالو نەوەکانی پەیامبەر (يعقوب بن إسحاق بن ابراهيم ١٧٥١-١٦٠٤پ.ز)، کە بە(جولەکە/یەهودی) ناسراون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(محمد عزة دروزة، تاريخ بني إسرائيل من أسفارهم، (دار القومية، د.م.ت)، ج١، ص٢٣).

Sources:

-Arabic language


Ibn al-Athir: Izz al-Din Ibn al-Hasan Ali ibn Muhammad ibn Abd al-Karim al-Jazari (d. 630 AH/1232 CE), (1987), Al-Kamil fi al-Tarikh (The Complete History), Dar al-Kutub al-Ilmiyya, Beirut.

Ibn al-Athir: (n.d.), Usd al-Ghaba fi Ma'rifat al-Sahaba (Lions of the Forest in the Knowledge of the Companions), Dar al-Kutub al-Ilmiyya, Beirut.

Benjamin al-Tutili: Benjamin ibn Yunah al-Tutili al-Nabari al-Andalusi (d. 569 AH/1173 CE), Rihlat Benjamin al-Tutili (The Travels of Benjamin al-Tutili), (2002), Cultural Foundation, Abu Dhabi.

Al-Jahshiyari: Abu Abdullah Muhammad ibn Abdus (d. 331 AH/943 CE), (1988), Kitab al-Wuzara' wa al-Kuttab (The Book of Ministers and Scribes), Dar al-Fikr al-Hadith, Beirut.

Ibn Hazm: Abu Muhammad Ali ibn Ahmad ibn Sa'id al-Andalusi al-Qurtuniyyat (d. 456 AH/1063 CE), (n.d.), Jamharat Ansab al-Arab (The Compendium of Arab Genealogies), Dar al-Ma'arif, Cairo. Al-Hanbali: Mujir al-Din al-Hanbali al-Alimi (d. 927 AH/1522 CE), (1999), Al-Uns al-Jalil bi-Tarikh al-Quds wa-l-Khalil, Dandis Library, Amman.

Abu Dawud: Sulayman ibn al-Ash'ath ibn Ishaq ibn Bashir ibn 'Amr ibn 'Imran al-Azdi al-Sijistani (d. 275 AH/888 CE), (1998), Kitab al-Sunan Sunan Abi Dawud, Al-Rayyan Foundation, Beirut.

Al-Dhahabi: Shams al-Din Abu 'Abd Allah Muhammad ibn Ahmad ibn 'Uthman ibn Qaymaz (d. 748 AH/1347 CE), (1990), Al-Tarikh al-Islami wa-Qiyat al-Mashahir wa-l-A'lam, Dar al-Kitab al-'Arabi, Beirut.

Ibn Sa'd: Muhammad ibn Sa'd al-Wafidi (d. 230 AH/845 CE) (2001), Al-Tabaqat al-Kubra, Al-Khanji Library, Cairo. Al-Sarakhsi: Muhammad ibn Ahmad ibn Abi Sahl al-Sarakhsi al-Khazraji al-Ansari (d. 490 AH/1090 CE), (1997), Commentary on the Great Book of Biographies by Imam Muhammad ibn al-Husayn al-Shaybani, Dar al-Kutub al-Ilmiyya, Beirut.

Al-Safadi: Salah al-Din Khalil ibn Aybak (d. 764 AH/1363 CE), (2000), Al-Wafi bi'l-Wafiyat, Dar Ihya' al-Turath al-Arabi, Beirut.

Al-Tabari: Abu Ja'far Muhammad ibn Jarir (d. 310 AH/923 CE), (n.d.), Tarikh al-Tabari: Tarikh al-Rasul wa'l-Muluk, Dar al-Ma'arif, Cairo.

Abu Faris: Abu al-Husayn Ahmad ibn Faris ibn Zakariya al-Qazwini al-Razi (d. 395 AH/1004 CE), (1979), Mu'jam Maqayis al-Lughah, Dar al-Fikr, Damascus. Ibn Qayyim al-Jawzi: Abu Abdullah Shams al-Din Muhammad ibn Abi Bakr ibn Ayyub ibn Sa'd ibn Hariz al-Zur'i al-Dimashqi al-Hanbali (d. 751 AH/1350 CE), (1997), Ahkam Ahl al-Dhimma (The Rulings Concerning the People of the Covenant), Ramadi Publishing, Saudi Arabia.

Al-Qalqashandi: Ahmad ibn Ali ibn Ahmad al-Fazari al-Qalqashandi (d. 821 AH/1418 CE), (1980), Nihayat al-Arab fi Ma'rifat Ansab al-Arab (The Ultimate Goal in Knowing the Genealogies of the Arabs), Dar al-Kitab al-Lubnani, Beirut.

Ibn Kathir: Imad al-Din Abu al-Fida' Ismail ibn Umar ibn Kathir ibn Daw ibn Dar' (d. 774 AH/1373 CE), (1992), Al-Bidaya wa al-Nihaya (The Beginning and the End), Maktabat al-Ma'arif, Beirut. Al-Mas'udi: Abu al-Hasan Ali ibn al-Husayn ibn Ali (d. 346 AH/957 CE), (2005), Muruj al-Dhahab wa Ma'adin al-Jawhar, Al-Asriyyah Library, Beirut.

Al-Muqaddasi: Abu Abdullah Shams al-Din Muhammad al-Bashari (d. 380 AH/990 CE), (2002), Ahsan al-Taqasim fi Ma'rifat al-Aqalim, Dar al-Kutub al-'Ilmiyyah, Beirut.

Al-Muqaddasi: Shihab al-Din Abu Mahmud (d. 765 AH/1363 CE), (1994), Muthir al-Gharam ila Ziyarat al-Quds wa al-Sham, Dar al-Jil, Beirut.

Ibn Manzur: Muhammad ibn Mukarram ibn Ali Abu al-Fadl (d. 711 AH/1311 CE), (1405), Lisan al-'Arab, Nashr Adab al-Hawzah, Iran.

Al-Waqidi: Abu Abdullah Muhammad ibn Umar ibn Waqid al-Waqidi (d. 207 AH/823 CE), (1997), Futuh al-Sham, Dar al-Kutub al-'Ilmiyyah, Beirut. Al-Ya'qubi: Abu al-'Abbas Ahmad ibn Ishaq ibn Ja'far ibn Wahb ibn Wadih (d. 284 AH/897 CE), (2002), Al-Buldan (The Countries), Dar al-Kutub al-'Ilmiyya, Beirut.

Sources:

-Arabic language

Ja'far al-Khalili (al-Khalili), (1971), Encyclopedia of Holy Shrines (Jerusalem Section), n.d., Baghdad.

Mahmoud Halabi (Halabi), (2016), Christians and Christian Holy Sites in Jerusalem, Al-Quds International Foundation, Beirut.

Dimitri Rizk (Rizk), (1976), The Story of the Copts in the Holy Land, Jerusalem Association for Orthodox Copts, Jerusalem.

Mustafa Murad al-Dabbagh (al-Dabbagh), (1991), Our Country Palestine, Dar al-Huda, Alexandria.

Roger Garaudy (Garoudi), (1991), Palestine: Land of Heavenly Messages, Talas, Damascus.

Sulayman Badur (Badur), (2004), Palestine in the Umayyad Era, Ministry of Culture, Amman.

Al-Shamas, (1949), A Summary of the History of the Melkite Church, Al-Mukhlisiyah Press, n.p.

Ahmad Jasser Ahmad (Ahmad), (1984), The History of Jerusalem, Dar Al-Bashir, Amman.

Muhammad Amin Muhammad Abu Shamala (Muhammad), (2011), Palestine Under Direct Abbasid Rule (132-264 AH/750-878 CE), Al-Jazira Al-Ward Library, Egypt.

Aref Al-Aref (Muhammad), (1951), Christianity in Jerusalem, Greek Orthodox Monastery, Jerusalem.

Abdul Karim Zaidan (Zaidan), (1982), The Rulings Concerning Dhimmis and Musta'mins in the Abode of Islam, Al-Risalah Foundation, Beirut.

Qunaibi Musa Qunaibi (Qunaibi), (2004), The Besieged City, Al-Tali'ah Al-Jadeeda, Damascus. Philip de Tarazi (Tarazi), (1910), Historical Chains of Transfiguration of the Syriac Dioceses, Al-Adiya, Beirut.

Hitti Hatta, (n.d.), History of Syria, Lebanon, and Palestine, Dar al-Thaqafa, Beirut.

Shahin Bey Makarios (Makarios), (1904), History of the Israelites, Al-Muqtaf, Egypt.

Mar Istifan (Istifan), (1890), History of the Maronite Community, Catholic, Beirut.

Majid Khadduri (Khadduri), (1939), Diplomatic Relations between Harun al-Rashid and Charlemagne, Al-Tafaydh al-Ahliya, Baghdad.

Muhammad al-Tayyib al-Najjar (al-Najjar), (1949), The Mawali in the Umayyad Era, Dar al-Nil, Cairo.

Muhammad Dasouqi (Dasouqi), (1998), Arab Tribes in the Levant, Egyptian Authority, Cairo.

Bishop Michel Yatim (Yatim), (1999), *History of the Eastern Church and the Most Important Events of the Western Church*, Pauline Press, Beirut.

Nabih Aqel (Aqel), (n.d.), *Palestine from the Arab-Islamic Conquest to the Middle Ages*, Palestine Library, Palestine.

Julius Wellhausen (Wellhausen), (2009), *History of the Arab State*, National Center, Cairo.

-Kurdish language

Mohammed Kazem Mohammed al-Hashimi and Awazf Mohammed al-Arabi Shanqar (Mohammed, Shanqar), (2013), Summary of Islamic Civilization, Chawarchra, Sulaimani.

Rasol ibrahem rasol 2020 Kurdistan Communities in the Abbasid Period, Narin, Erbil.

Zryan Haji (Haji), (2013), Reflection of Greek Civilization in Islamic Civilization, Shvan, Sulaimani.

-English language

Gregorii Barhebrael, (1877), Ciironicon Ecclesiasticum, Peeters, Paris.

Goitien, S.D., (1986), Al-Kuds – history, Encyclopedia of Islam, Lieden, Holanda.

Irfan Shahid, (2009), Byzantium And The Arabs in The Sixth Century, Dumbarton Oaks, Washington.

KAREN ARMSTRONG, (2005), JERUSALEM, Ballantine, New York.

Lewis Bernard, (1954), The Arabs in history, Hutchinson, New York.

Palmer, (1871), Jerusalem, Richard Bentley And son, London.